# راپۆرتی

## دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

### هەرێمی کوردستان –عێراق

بۆ ساڵی ٢٠١٤

## پێرست

ناوەرۆكژمارەی لاپەرە

پێشەكی ........................................................................ ٣-٤
پوختەی ئەنجامدراو........................................................... ٤-٨
راگوێزراوان ................................................................... ٩-١٢
رەوشی تەندروستی ........................................................ ١٢-١٨
رەوشی منداڵان ............................................................. ١٨-٢٠
رەوشی ژنان .................................................................. ٢٠-٢٣
رەوشی پەروەردە وفێركردن ............................................ ٢٣-٢٧
رەوشی خوێندنی باڵا............................................................ ٢٧-٢٨
بەندیخانەكان ................................................................ ٢٩-٣٨
باری ئابوری ودارایی ......................................................... ٣٩-٤٠
بازرگانی كردن بەمرۆڤ ................................................ ٤١-٤٢
یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری .................................٤٢-٤٣
رەوشی كرێكاران............................................................. ٤٣-٤٥
هاتووچۆ وریێگاوبان ........................................................ ٤٥-٤٦
راگەیاندن ورادەربرین ....................................................... ٤٦-٤٧
رەوشی پێكهاتە نەتەوەییەكان وئاینییەكان ............................ ٤٨-٤٩
راسپاردەكان بۆ پەرلەمانی كوردستان.......................................... ٥٠
راسپاردە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان.................................. ٥١-٥٣
راسپاردەكان بۆ ئەنجومەنی دادوەری ......................................... ٥٣
راسپاردەكان بۆ داواكاری گشتی ................................................ ٥٣

# ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

# هەرێمی کوردستان – عیراق بۆ ساڵی٢٠١٤

## پێشەکی

دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە ساڵی (٢٠١٤)ی ئامادە کردووە بە پێی ئەو توانا مرۆیی ودارایی ولۆجستێکیانەی لەبەر دەستی دایە.

فەرمانبەرانی دەستە لە میانی ئەنجامدانی کارەکانیان دووچاری ئاستەنگ وڕێگری لێکردن دەبنەوە لە چاودێری کردن ودیاریکردنی پێشیلکارییەکان دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤ، لە هەندێك حاڵەتدا لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەرکی وەزیفی ومرۆییان ڕووبەڕووی دادگایی کردن وسزادان بونەتەوە، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر نەبوونی ڕۆشەنبیری پابەندبوون بە بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی و داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ لە کەلتووری کۆمەڵگادا.

نەبوونی سەربەخۆیی دارایی ڕێگرییەکی دیکەیە لە باش بەڕێوەنەچوونی کارەکانی دەستە، هەرچەندە ئەنجوومەنی شورای هەرێم لە ڕادەربڕینێکیدا هاتووە: "وای دەبینێ کە دەبێ دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێم بودجەیەکی تایبەتی لە چوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێم هەبێت و ئەم بودجەیەش نابێ بەشێك بێ لە بودجەی حکومەت وهەروەها تەرخانکردنی بودجەشی دەبێ لە چوارچێوەی بودجەی هەرێمدا بێت، بەو مەرجەی کاروباری ژمێریاری دەستەکە لە ژێر چاودێری دیوانی دارایی هەرێمدا بێت".

ئەم راپۆرتە بەرهەمی کاری فەرمانبەرانی دەستەیە بەپێی ئەو توانا دیاریکراوەی لەبەردەستیاندایە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ودیاریکردنی پێشێلکارییەکان وداکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ.

هەندێك لەو ئامارانەی لەم راپۆرتەدا هاتوون سەرچاوەکانیان وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلأیەتی، پەروەردە، تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، رێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) وسەنتەری (میترۆ) بۆ داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنوسانە، هەر لایەنەو بەپێی تایبەتمەندی کارەکانی.

هیواخوازین ئەم راپۆرتە وراپۆرتی لایەنەکانی دیکەی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ بەشداریەك بێت لە بەرەوپێشچوونی رەوشی مافەکانی مرۆڤ وباشترکردنی ژیانی کۆمەلگا ونەهێشتنی پێشێلکاری ونادادپەروەری.

## پوختەی ئەنجامدراو:

ئەم راپۆرتە روماڵی رەوشی مافەکانی مرۆڤ دەکات لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی ٢٠١٤ و لە لایەن دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئامادەکراوە.

هەوڵ و تواناکانی سەرجەم لایەنە حکومی و کۆمەڵی مەدەنی و دەزگا و لایەن و تاکەکان بەردەوامە لە پێناو چاودێریکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا، ئەم هەوڵ و تێکۆشانە رەنگداوەی ئەرێنی هەبووە لە زۆر بوار و کایەدا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەرێم رووبەڕووی زۆرێك لە کێشەو پێشێلکاری و کاری نایاسایی بۆتەوە کە سەرەنجام بە هەڕەشە بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان و مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا و ژیانی دیموکراسی هەژمار دەکرێت.

دیارترین وترسناكترین هەڕەشە لە میانی ساڵی ٢٠١٤ بۆ سەر مافەكانی مرۆڤ لە هەرێم خۆی دەنوێنێت لە هەڕەشەی گرۆپی تیرۆرستی ( داعش) بۆ سەر چەند ناوچەیەكی هەرێمی هاوسنوور لەگەڵ پارێزگاكانی (نینوی) و (صلاح الدین) و (دیالی) بە تایبەتی، لە ئەنجامی ئەم هێرش و كارە تیرۆرستیانە بە سەدان هەزار خەڵكی ناوچەكانی هەرێم و دەوروبەری هەرێم زێدی خۆیان جێهێشتوو و هاتونە شارە ئارامەكانی هەرێمی كوردستان بەمەبەستی پاراستنی ژیانی خۆیان و حەوانەوە ئەم حاڵەتەش دۆخێكی زۆر سەختی دروستكردووە كە لە توانای حكومەتی هەرێم و خەڵكی مرۆڤدۆستی ناوچەكە بەدەرە وپێویستی بە هاوكاری و پشتگیری زیاتری وڵاتانی جیهان هەیە بۆ هەرێمی كوردستان تاكو شوێنی حەوانەوە و ژیانی شیاو و گونجاو بۆ ئەم ژمارە گەورەیە لە ئاوارە و راگوێزراوە دابینبكرێت.

هەر لە ئەنجامی ئەم شەڕەی تیرۆرستان، بە هەزاران خەڵكی ناوچەكانی شەڕ، كوژرا و بریندار بوون وەیان بە دیلی كەوتونەتە بەر دەستی ئەم هێزە شەڕانگێزە. وەك كۆیلە هەڵسوكەوتیان لەگەڵ دەكرێت و رۆژانە دەكوژرێن و دوچاری پێشێلكاری گەورە دەبنەوە تا رادەی بازرگانیپێكردنیان و فرۆشتنی ژن و منداڵەكانیان لە بازاڕی كۆیلایەتیدا.

هەرێم لە لایەنی تەندروستیەوە زۆر كەموكوڕی هەیە، كە خۆی دەبینێتەوە لە كەمی ژمارەی نەخۆشخانە و گرانی كرێی چارەسەركردن و خراپی و دواكەوتویی تاقیگەو كەرەستەو ئامێرەكانی پشكنین و دەرمانی بەكارهاتوو، سەرباری پێشێلكردنی مافەكانی نەخۆش و هاوڵاتیان لە رێگەی مامەڵەی نەشیاو ونەگونجاو، هەروەها نارێكی لە كاری نەخۆشخانە تایبەتیەكان ونەبوونی چاودێری لە لایەن تیمەكانی وەزارەتی تەندروستی وسزا نەدانی ئەوانەی كە سەرپێچی دەكەن بە پێی یاسا ورێنماییەكان.

ڕەوشی منداڵان لە هەرێم بە تایبەتی منداڵی ئاوارە و ڕاگوێزراو، زۆر خراپە و بێبەشن لە سەرەتاترین پێداویستیەکانی منداڵ و مافەکانیان، ئەمەش خۆی دەنوێنێت لە شوێنی حەوانەوەی نەگونجاو و خراپی خۆراك و جلوبەرگ و لەدەستدانی خوێندن و مافی یاریکردن و خزمەتگوزاری تەندروستی. هەروەها ڕێژەیەکی زۆر لە منداڵانی هەرێم لە کەرتی کارکردن بەکاردەهێنرێن بێ گوێدانە یاساو ڕێساکان. لە دەرئەنجامی ئەم هۆکارانە منداڵ ڕووبەڕووی مەترسی لادانی ئەخلاقی و زیانی تەندروستی و جەستەیی و هزری دەبێتەوە.

لەگەڵ هەموو هەوڵەکان بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، بەڵام لەبەر کەمی توانا دارایی و مرۆییەکان و هەروەها ناسەقامگیری ڕێساو ڕێنماییە کارگێڕیەکانی تایبەت بە کەرتی پەروەردە. دیارترین ئەم کەموکوریانە بریتین لە نەگونجاوی شوێنی خوێندن و مامەڵەی توند و ناتەندروستی کارگێڕی وماموٚستایانی هەندێك قوتابخانە و کەمی پێداویستییەکانی پەروەردەو فێرکردن، لەگەڵ چاونەخشاندنەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغەکانی بنەرەتی وئامادەیی.

بەندیخانەکانی هەرێم، بەدەست هەمان کێشەکانی ساڵانی پێشوو دەناڵێنن، لە بچوکی و نەگونجاوی بەندیخانەکان بە گشتی و هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراو کە ماوەی ڕاگرتنیان لە ماوە یاساییە دیاریکراوەکان لایداوە، لەگەڵ بوونی ئەشکەنجەدان و سوکایەتی پێکردن بە تۆمەتباران و حوکمدراوان بە تایبەتی لە قۆناغی لێکۆڵینەوە، ئەمە لەکاتێکدا عیراق بەپێی یاسای ژمارە **(٣٠ی ساڵی ٢٠٠٨)** چۆتە پاڵ (انضمام) ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان، ئەمەش پابەندبوونی یاسایی دەخاتە سەر عیڕاق.

هەروەها نارێکی و ناتەواوی خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان لە بەندیخانەکان کە لە هەندێك حاڵەتدا مەترسی بڵاوبوونەوەی پەتای هەندێك نەخۆشی ترسناکی لێدەکرێت.

هەروەها شوێنی چاوپێکەوتنەکان گونجاو نین بە تایبەتی بۆ سزادراوانی خێزاندار. بەندکراوان بە شێوەیەکی گشتی گلەیی زۆریان لە ڕێکارە یاساییەکان هەیەو قەناعەتیان بە سزاکانیان نیە و بە نارەوای دەزانن.

لە میانی ساڵی ٢٠١٤ کێشە داراییەکان کاریگەری نەرێنییان لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێم هەبووە بە تایبەتی دواخستنی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران، بە شێوەیەك کێشە دارایی و ئابوورییەکان ڕەنگدانەوەی نەرێنییان لەسەر هەموو کایەکانی ژیان هەبووە لە هەرێم، ئەوەی بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە نەبوونی زانیاری دروستە دەربارەی ڕەوشەکە لە کاتێکدا پێویستی دەکرد حکومەت ولایەنە بەرپرسەکان لە هەرێم زانیاری پێویستیان لەمبارەیەوە بە هاوڵاتیان بگەیاندبا، بە تایبەتی پاش هاتنە واری جێبەجێکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣)، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٤) تێبینی هەمان شاراوەیی و نادیاری زانیاری و داتا و ڕێکارەکانی چارەسەری و ئەنجامدانی پرۆژەکان و چالاکییەکانی حکومەت دەکرێت، جگە لە جێ بەجێ نەکردنی یاساکە لە لایەن زۆربەی داوودەزگا حکومی وناحکومییەکان.

کرێکاران لە میانی ئەم ساڵەدا ڕەوشی کارکردن و ژیان و گوزەرانیان لە ساڵی (٢٠١٣) باشتر نەبووە، هۆکارەکەشی جێبەجێ نەکردنی یاساو رێساکانی پەیوەست بە بواری کارکردن و هەروەها سستی و لاوازی و بێبەرنامەیی لەلایەنی بوونی کارگەو پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و ئیشکردن و هاتنی ژمارەیەکی زۆری کرێکاری بیانی بۆ ناو هەرێم کە کێبڕکێ دەکەن لەگەڵ کرێکارانی هەرێم.

لە میانی ساڵی (٢٠١٤) ژمارەیەکی بەرچاو لە مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە وەیان دوچاری برین و شکەست هاتوون لە ڕوداوەکانی هاتوچۆ، ئەم کارەساتانەش لە دەرەنجامی کۆمەڵێك

هۆكارن وەك خراپی رێگاوبانەكان و كەمی وەیان نەبوونی رێنمایی پێویست و هێماكانی هاتوچۆی پێویست وستتی لە چاككردنەوەو رێككردنەوەی رێگاكان.

لەگەڵ بڕوا بوون بە رۆڵی راگەیاندن لە هۆشیاركردنەوەو ئاگاداربوونی هاوڵاتیان لە رەوشی جیهان بە گشتی و هەرێم بە تایبەتی و دروستكردنی رای گشتی و رێخۆشكردن بۆ ئازادی رادەربڕین، بەڵام تا رادەیەكی زۆر راگەیاندن بە هەموو كەناڵەكانیانەوە وەك پێویست بەرژەوەندی هەرێم و هاوڵاتیانی هەرێمییان لەبەر چاو نەگرتووە، ئەمەش لە دەرەنجامی كەمی تواناكان و نەبوونی رێكخستنی یاسایی و كارگێڕی تۆكمەیە لە بواری راگەیاندن و ئازادی رادەربڕین، بە شێوەیەك كە زۆر جار لە سایەی ئازادی رادەربڕین و راگەیاندنی ئازاد و ئامرازەكانی تیكنۆلۆجیای نوێ پێشێلكاری گەورە دەكرێتە سەر ژیان و شكۆی زۆر لە كارمەندان و پسپۆرانی ئەم بوارەو هەندیك جار بۆ سەر هاوڵاتی سادەش، هەروەها لە هەندێك كاتدا راگەیاندن و ئامرازەكانی دەبن بە ترس لەسەر رەوشت و زمان و كەلتور و ئارامی كۆمەڵگا لەو كاتانەی بە شێوە دروست و پیشەییانە بەكار ناهێندرێن.

پێكهاتە نەتەوەییەكان و ئاینییەكانی هەرێمی كوردستان، لە ژیانی ئاسایی و بەشداری برایانەیان بەردەوامن لەگەڵ هەموو پێكهاتەكانی دیكەی هەرێم بێ جیاكاری و پێشێلكاری بۆ سەر مافی یەكدی. بەڵام لە نیوەی دووەمی ساڵی (٢٠١٤) پاش هێرشی دڕندانەی (داعش) بۆ ناوچەكانی نزیك لە سنوری هەرێم و هەندێك ناوچەی هەرێم، ژمارەیەكی زۆر لە ئێزیدی و كریستیان و شەبەك و كاكەیی و توركمان و پێكهاتەكانی دیكەی ناوچەكە رووبەڕووی رەوشێكی ترسناك بونەوە كە خۆی دەنوێنێت لە ئاوارەبوون و كوژران و كۆیلەبوون و لێسەندنەوەی زۆرێك لە مافە ئاینی و كۆمەڵایەتی و سروشتییەكانی خۆیان.

## راگوێزراوان:

لە دەرئەنجامی رەوشی عیراق وناوچەکە بە گشتی لە ساڵانی رابردوو ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەی راگوێزراو پەنابەر روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو. پاش هێرشی رێکخراوی (داعش) بۆ سەر پارێزگای نەینەوا لە رێکەوتی (٢٠١٤/٦/٩)، ژمارەی راگوێزراوان هەڵکشانێکی دیاری بەخۆوە بینی کە زۆرینەیان روویان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرد.

ئەم شاڵاوی راگواستنە و ئاوارەبوونە چەندین نەهامەتی بەدوای خۆیدا هێناوە، لە کوژران وکۆیلەبوون ولەدەستدانی ئارامی وشکۆمەندی مرۆڤ و موڵك ومالّ ولێکترازان وتێکچوونی شیرازەی خێزانە راگوێزراوەکان کە چەندین کێشەی تەندروستی وئابووری وکۆمەلأیەتی ودەروونی وکێشەی دیکەی لێکەوتۆتەوە و دەکەوێتەوە.

بەپێی پرنسیپە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی رێکخستنی پەراگەندەبونی ناوخۆ (مبادئ توجيهية بشأن التشريد الداخلي) ویاسای عیراقی وبەها مرۆییەکان، ئەرکە لەسەر شانی حکومەتی عیراق وحکومەتی هەرێم پاراستن وجێکردنەوە ودابینکردنی شوێنی ژیانی گونجاو وهاوکاری مرۆڤانەیان بۆ دابین بکەن، دوور لە هەموو شێوازێکی جیاکاری لەسەر بنەمای ئاین ونەتەوە ورەگەز ورەنگ وبیرورا.

لەهەموو ئەم بارودۆخەشدا پێویست دەکات منداڵان ونەوجەوانانی بێ سەرپەرشت وژنانی دووگیان وبێوەژن وئەوانەی منداڵی بچوکیان هەیە وپەککەوتوان وکەمئەندامان وکەسانی بەتەمەن مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵ بکرێت وپارێزگاری ویارمەتی تایبەتیان بەپێی تایبەتمەندی پێداویستیەکانیان پێشکەش بکرێت. هەروەها فەراهەمکردنی هەموو ئەو مافانەی بۆ راگوێزراوان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ویاسا ناوخۆییەکان جەختیان

لەسەر كراوەتەوە لەماف ژیان ورادەربڕین و خوێندن وپاراستنی تەندروستی وبەشدارییپێکردن لە بەڕێوەبردنی ژیانیان لە قۆناغی راگوێزراویدا. زۆری ژمارەی راگوێزراوەکان وکەمی ئەو توانا ماددی ومرۆییانەی لەبەردەستن بونەتە رێگر لە فەراهەمکردن وپاراستنی زۆرێك لەم مافانەی کە ئاماژەمان پێکرد.

لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم کەمپی تایبەت بە راگوێزراوان دروستکراوە، بەڵام کەمپەکان لە توانایاندا نییە شوێنی حەوانەوە بۆ ئەم ژمارە زۆرە دابین بکەن، بۆیە لە پاڵ ئەم ژمارە کەمەی کەمپەکان هەوڵدراوە سوود لە هەندێك شاری نیشتەجێبوون وباڵەخانە وپەیکەری تەواونەبووی هەندێك باڵەخانە وخانوو شوێنی دیکە وەربگیردرێت بە ناچاری. سەرجەم ئەم شوێنانە گونجاو نین بۆ ژیانێکی ئاسایی وتەندروست بۆ خێزانە راگوێزراوەکان، بەشێوەیەك بیانپارێزیت لەسەرما وگەرما وسەختی وەرزەکان وهەروەها تایبەتمەندی خێزان ودابینکردنی ئاو وشوێنی خۆشوشتن وتوالێت بۆ ئەندامانی خێزان بە تایبەتی بۆ ژن و منداڵ، ئەمە سەرباری سەختی ونەگونجاوی رێگا ناوخۆییەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی راگوێزراوەکان، ئەمەش ئەرکەکە قورس دەکات لەسەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ومنداڵ ونەخۆش وژن وکەسانی بە تەمەن. لەگەڵ ئەم رەوشە سەختەش کەلوپەل وپێخەف وجلوبەرگی راگوێزراوەکان وەك پێویست نیە ولەسەختی وەرزەکان نایانپارێزێت وەك پێویست، لەگەڵ نارێکی و نەگونجاوی وبچوکی شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانەکان وبوونی زیاتر لە خێزانێك لە ژورێك وەیان لە چادرێك دەبێتە مایەی چەندین مەترسی تەندروستی وکێشەی کۆمەڵایەتی.

لەلایەنی تەندروستیەوە، لەبەر کەمی وەیان نەبوونی بنکەی تەندروستی لەکەمپ وشوێنەکانی گردبوونەوەی راگوێزراوەکان، لەگەڵ کەمی ژمارەی کادیری تەندروستی وکەمی دەرمان وپێداویستی تەندروستی ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ نارێکی رەوشی

تەندروستی راگوێزراوان بە تایبەت منداڵان و کەسانی بەتەمەن وژنان. لەوکاتانەی نەخۆشێك پێویستی بەسەردانیکردنی نەخۆشخانە هەبێت لەدەرەوەی کەمپەکان، هەژاری ونەداری رێگەی پێنادات بگاتە ئەم شوێنانە وچارەسەری پێویست وەربگرێت.

ئەم نارێکییەی رێکخستنی بواری تەندروستی کاریگەری مەترسیداری هەیە لەسەر ژنانی دووگیان، لەلایەنی پاراستنی تەندروستی دایك وکۆرپەلە و هەروەها خۆراکی دایك، ولەدوای لەدایکبوونی منداڵ شیروخۆراکی منداڵ وتەندروستی دایك ومنداڵەکەی وپاراستنیان لە نەخۆشی وفەراهەمکردنی ژینگەی تەندروست وگونجاو بۆ ژیان وگەشەو پەروەردەی دەروونی تەندروست.

کەسانی بەتەمەن وئەو کەسانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە پێویستیان بە چاودێریکردن وچارەسەری تەندروست هەیە لەلایەنی دابینکردنی پزیشك ودەرمان وکەلوپەلی تەندروستی وخۆراکی تایبەت بە حاڵەتەکانیان.

نارێکی وقەرەباڵغی وسەختی ژیان لە کەمپ وشوێنەکانی نیشتەجێبوونی راگوێزراوەکان، لەگەڵ کەمی توانا ولاوازی وەیان نەبوونی بەرنامەی تۆکمە لەلایەن ئەو لایەنانەی ئەرکی بەڕێوەبردن وئەو هێزانەی ئەرکی پاراستنی کەمپ وشوێنەکانیان پێسپێردراوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە لە دەرئەنجامی ئەم نارێکی ونالەباری ونەگونجانەی کەمپەکان و شوێنی گردبوونەوەی راگوێزراوەکان، راگوێزراوان وخێزانەکانیان دووچاری نەخۆشی وکەمخۆراکی و بەدخۆراکی وبازرگانی پێکردن و چەوساندنەوەو ئیستغلالکردن و بەکارهێنان لە سواڵکردن کاری ناڕەوا و بارزرگانیپێکردنی سێکسی وتاوان وبەدڕەوشتیان کردۆتەوە و دەکاتەوە بەرێژەیەکی بەرچاو.

لەبەر نەبوونی ناسنامە وپەڕاوی سەلماندن وتۆمارەکانی راگوێزراوەکان و مانەوەی ئەم دۆکیۆمینت و بەلگەنامانە یاساییانە لە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم، راگوێزراوان دووچاری کێشەی یاسایی زۆر دەبنەوە بە تایبەت لە بواری باری کەسیدا.

هەرئەم بارودۆخە هۆکارە بۆ بەباشی بەرێوەنەچوونی پرۆسەی خوێندن ودابڕانی زۆربەی قوتابیانی راگوێزراو لە خوێندن وفێربوون. ئەوەی تایبەتە بە درێژەدان بە پرۆسەی خوێندنی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان، **(٢٣)** قوتابخانە لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە و ژمارەی قوتابیان تیایاندا **(١٨٦٦٥)** قوتابییە. دەربارەی راگوێزراوە عەرەبەکانی ناوچەکانی ناوەڕاست وخوارووی عیراق، قوتابخانەیان بۆ کراوەتەوە وخوێندنیان بەردەوامە لەژێر چاودێری وەزارەتی پەروەردەی هەرێم. هەرچی پەنابەرە سورییەکانن خوێندنیان بەپێی پرۆگرامی هەرێمی کوردستانە وبەزمانی عەرەبی دەخوێنن وئەرکی خوێندنشیان لەسەر ئەستۆی حکومەتی هەرێمە.

بەپێی دوایین ئاماری نوێکراوەی کۆمسیونی باڵای نەتەوە یەگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لە رێکەوتی ١٦-٣٠/ تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٤، ژمارەی راگوێزراوانی ناوخۆ **٧٥٣٦٠٠** کەسن.

## رەوشی تەندروستی:

کەرتی تەندروستی لەبەر کەمی ژمارەی نەخۆشخانە حکومییەکان وبنکە تەندروستیەکان وکەمی ژمارەی پزیشك ونارێکی لەدابەش بوونی پسپۆریەکان، هەروەها کەمی وکۆنی ئامێرو کەرەستە تەندروستیەکانی پشکنین و گرانی نرخی نۆرین وپشکنین ودەرمان، بە تایبەت لە کلینیکە تایبەتەکان، لەگەڵ خراپی ونارێکی هەڵسوکەوتی هەندێك لە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی لەگەڵ هاوڵاتیان لە نەخۆشخانە وکلینیکەکان، بە نەخۆشخانەو

وکلینیکە تایبەتیەکانیشەوە، لەگەڵ کۆنترۆڵنەکردنی جۆری دەرمان وسەرچاوەکانی دەرمان بەشێوەیەك ڕێژەیەکی زۆر لە دەرمانی باوڕ پێنەکراو دێتە ناو هەرێم و بەکاردەهێنرێت، هەروەها وەك پێویست نەبوونی پاکی نەخۆشخانەکان کە ژینگەیەکی گونجاو بۆ بلاْوبونەوەی نەخۆشی دەرەخسێنێت، لە دەرەنجامی کاریگەری ئەم هۆکارانە یەکە یەکە، یان هەندێکیان وەیان هەمویان بەیەکەوە، وای لە ڕەوشی تەندروستی کردووە لە هەرێم کە جێگەی نیگەرانی بێت و ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبێت لەسەر بارودۆخی تەندروستی بە گشتی و لە زۆر حالەتدا ژیانی هاوڵاتیان لە مەترسیدا بێت و لەلایەنی دەروونییەوە ئارام نەبن.

لە بەدواداچوونی تیمێکی دەستە بۆ کۆگای هەڵگرتنی دەرمان ژمارە **(١٩)**لە هەولێر تێبینی بوونی بڕێکی زۆر لە دەرمانی بەسەرچوو کرا کە مێژووی بەسەرچوونی بۆ ساڵی **(٢٠٠٩)** دەگەڕێتەوە.

دەربارەی بوونی حاڵەتی مردن لە دەرئەنجامی منداڵ بوون، دەستە بە نووسراوی ژمارە **(١٢٣٩/١٦/١ لە ٢٠١٤/٩/٨)** کە ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کردووە، جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی بوونی ئەندامی داواکاری گشتی لە لێژنەکانی لێکۆلینەوە لەم حاڵەتانە، بەمەبەستی دادپەروەری و پاراستنی ماڤ لایەنەکان، وبەرهەمی ئەم بەدواداچوونەی دەستەکەمان، ئێستا چەند کەیسێکی تایبەت لەم بوارە لە دادگاکانن.

## ئامار وزانیاریەکانی وەزارەتی تەندروستی

| Demograghic Indicators | 2014 | مؤشرات سكانية |
|---|---|---|
| Indicators | عدد | المؤشر |
| $(Km^2)$Area | | المساحة / كم□ |
| Population / total | | السكان / العدد الكلي |
| Population less than 5 yr | 216983 | السكان اقل □ سنوات |
| % Population less than 5 yr | 13% | ٪ للسكان اقل□ سنوات |
| Population less than 15 yr | 607976 | السكان اقل □□ سنة |
| % Population less than 15 yr | 36% | ٪ للسكان اقل□□ سنة |
| (15-64)Population | 984760 | السكان (□□-□□) سنة |
| % (15-64)Population | 59% | ٪ للسكان (□□-□□) سنة |
| Population more than 65 | 62710 | السكان اكثر□□ سنة |
| % Population more than 65 | 4% | ٪ للسكان اكثر□□ سنة |
| (15-44)Females | 388375 | الإناث بعمر (□□-□□) |
| % (15-44)Females | 23% | ٪ للإناث بعمر (□□-□□) |
| Crude birth rate | 41.20 | معدل الولادة الخام |
| Crude Death rate | 3.60 | معدل الوفاة الخام |
| Growth rate | | معدل نمو |

| Facilities Health | 2014 | المؤسسات الصحية |
|---|---|---|
| No.Hospitals | عدد | المؤشر |
| Governmental | 22 | عدد المستشفيات الحكومية (الكلي) |
| Gynaecology & Obstetric | 2 | إختصاص - ولادة |
| Emergency | 5 | إختصاص - طوارئ |
| Paediatric | 1 | إختصاص - اطفال |
| opthalmologic | 0 | إختصاص - عيون |
| Burn Management | 0 | إختصاص - حروق |
| General Surgery | 0 | إختصاص - جراحة عامة |
| Psychic | 1 | إختصاص - نفسية |
| Cardiosurgical | 1 | إختصاص - قلبية |

| Number of beds in public hospitals | عدد | عدد الاسرة في مستشفيات الحكومية |
|---|---|---|
| Total Number of beds | 2533 | عدد الاسرة الكلي |
| General Surgery | 415 | جراحة عامة |
| Medical(internal medicine ) | 409 | باطنية |
| Genealogical & obstetrics | 369 | نسائية |
| pediatric | 165 | اطفال |
| Intensive Care | 96 | عناية مركزة |
| Other | 1079 | اخرى |

| Health institution in Kurdistan | عدد | مؤسسة صحية في اقليم كردستان |
|---|---|---|
| Number of specialized centers | 16 | عدد المراكز التخصصية |
| Number of primary health care centers | 81 | عدد المراكز الرئيسية |
| Number specialized+Primary health centers | 97 | عدد المراكز الرئيسية + التخصصية |
| The number of sub-centers | 132 | عدد المراكز الفرعية |
| Number of public Clinics | 21 | عدد العيادات الشعبية |
| Bed occupation rate | 38 | معدل انشغال الاسرة في المستشفيات الحكومية |
| Number of operation theaters in government hospitals | 62 | عدد صالات العمليات في المؤسسات الحكومية |
| number of private hospitals | 17 | عدد المستشفيات الاهلية |
| Number of beds in private hospitals | 625 | عدد الاسرة في المستشفيات الاهلية |
| Number of operation theaters in private hospitals | 76 | عدد صالات العمليات في المستشفيات الاهلية |

| Out patients | | المرضي المراجعين |
|---|---|---|
| Indicator | عدد | المؤشر |
| The total number | 4367516 | العدد الكلي للمراجعين |
| In patient | | المرضى الراقدين |
| inpatients of governmental hospitals | 168363 | المرضى الراقدين في المستشفيات الحكومية |
| Number of major & supra-major surgical operations | 30615 | عدد العمليات الجراحية فوق الكبرى و الكبرى |
| number of intermediate surgical operations | 21809 | عدد العمليات الجراحية الوسطى |
| No. of Minor operations | 16140 | عدد العمليات الجراحية الصغرى |
| Admission rate / 1000 population | 101.70 | معدل الرقود لكل 1000 نسمة |

| RATES & RATIOS | 2014 | معدلات ونسب |
|---|---|---|
| Indicator | عدد | المؤشر |
| Laboratory investigations | 7563968 | الفحوصات المختبرية |
| Laboratory investigations /1000 pop | | الفحوص المختبرية/ 1000 من السكان |
| Biochemistry | 1886779 | الكيمياء السريرية |
| Hematology | 2005821 | امراض الدم |
| Parasitology | 434945 | طفيليات |
| Bacteriology | 114541 | بكتريولوجي |

| Medical health staff | عدد | الكوادر الصحية الطبية |
|---|---|---|
| Doctors | 2694 | الأطباء |
| Number of doctors specialists | 878 | عدد الاطباء الاختصاصين |
| Pharmacists | 596 | الصيادلة |
| Doctors teeth | 681 | الاطباء الاسنان |
| Nursing staff | 3789 | الكادر التمريضي |
| Health staff | 4821 | الكادر الصحي |

| Births & Deaths | | الولادات والوفيات |
|---|---|---|
| No. Life births delivered | 67946 | عدد الولادات الحية الحاصلة |
| Indicator | عدد | المؤشر |
| No. Registered live births | 56474 | مجموع الولادات الحية المسجله |
| Births in H. Facility | 58874 | ولادات الحاصلة داخل المؤسسة الصحية |
| Births outside H. Facility | 9480 | ولادات خارج المؤسسة الصحية |
| Total still births | 408 | مجموع الولادات الميتة |
| Total no. of normal deliveries | 41600 | مجموع الولادات الطبيعية |
| .Total No. of deliveries by c.s | 25743 | مجموع الولادات القيصرية |
| Natural birth rate | 62.3 | نسبة الولادات الطبيعية |
| Deliveries caesarian sections % | 37.6 | نسبة الولادات القيصرية |
| No. Maternal mortality | 9 | عدد وفيات الأمهات |

| Mortality rate / 1000 live births | عدد | معدل وفيات لكل 1000 ولادة حية |
|---|---|---|
| Children less than a month | 657 | أطفال اقل من شهر |
| Percentage of children less than a month | 15.35 | نسبة أطفال اقل من شهر |
| Children <1 year | 923 | أطفال اقل من 1سنة |
| Proportion of children <1 year | 16 | نسبة أطفال اقل من 1سنة |
| .Children < 5 yr | 1206 | أطفال اقل من 5 سنوات |
| Proportion of children <5 years old | 21 | نسبة أطفال اقل من 5 سنوات |
| (for all ages groups)The total number of deaths | 5959 | العدد الكلي للوفيات (لكافة الفئات العمرية) |

## ڕەوشی منداڵان:

دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ گەشەی هزری وجەستەیی منداڵ لە ڕێگەی بەرنامەی تەندروستی تایبەت لەناو خێزان ولە دەرەوە، لە ڕێگەی فەراهەمکردنی چارەسەری تەندروستی وخوێندن وشوێنی تایبەت بۆ جولەی جەستەیی بە مەبەستی گەشەیەکی تەندروست بۆ منداڵ، پێویستە و ئەرکێکی بەپەلە و پێویستە.

ژمارەی منداڵی ئیشکەر وسواڵکەر بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە لە دەرئەنجامی پەراگەندەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاولاتی عیراقی و پەناهەندە. بوونی منداڵ لە دەرەوەی چاودێری خێزان ئەگەری دووچاربونیان بە نەخۆشی ولادانی ڕەوشتی وهەروەها بەکارهێنانیان (ئیستغلالکردنیان) بۆ بازرگانیپێکردن وتاوان وتیرۆر زۆر زیاددەکات،

مەترسیەکان لەهەندێك حاڵەت دەگاتە رادەی لەدەستدانی ژیان وپەکخستنی گەشەی سروشتی منداڵ لەلایەنی جەستەیی وعەقلی ورەوشتییەوە.

ئەمەش پێشیکاریەکی زەقی مافەکانی منداڵە لە ژینگەیەکی ئارام لەباوەشی خێزان ومافی خوێندن وخزمەتگوزاری تەندروستی وماڤی یاری وژینگەیەکی ئاسوودە وپێگەیاندنی کەسێکی ئاسایی. وپێویست دەکات دەزگا حکومییەکان بەتایبەتی پۆلیس زیاتر چاودێری وکۆنترۆڵی شوێنە گشتییەکان بکەن دەربارەی منداڵی ئیشکەر وسواڵکەر ولێپرسینەوە لەگەڵ خۆیان وخێزانەکانیان بکەن و زیاتر لێکۆڵینەو و توێژینەوە لەسەر ئەم دیاردەیە بکرێت و رێگە چارەی یاسایی بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی دیاردەکە.

هۆکارەکانی پەیوەندیکردن وراگەیاندن وەبەتایبەت T.V لە زۆر حاڵەت رۆڵێکی نیگەتیف دەگێرن لە رێگەی بلاوکردنەوەو پەخشکردنی زۆرێك لەبابەت لە شێوەی فیلمی کارتۆنی وفیلمی درامی وگۆرانی وبەرهەمی دیکە کە زەرەر بە زمان وئاخافتن ورەوشت وهەڵسوکەوتی منداڵ دەگەێنن، چونکە بابەتەکان بە زمانێکی لاواز وشەڕانگێز وپڕ لە دەستەواژەی نەشیاو ودیمەنی نەشیاو پەخش دەکرێن کە کاریگەری نیگەتیفیان دەبێت لەسەر زمان ورەوشت و رەوشی دەروونی وهەڵسوکەوتی منداڵ، بە شێوەیەك لەناخی منداڵ کەڵەکە دەبێت کە لە دوارۆژ لە شێوەی رەفتار وکردار وگوفتاری نەشیاو رەنگدەداتەوە.

گرنگیدان بە رۆڵی راگەیاندن لە سۆنگەی بڕوا بوون بە کاریگەریەکەی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ و رۆشەنبیری ئاخافتن وگفتوگۆکردن و وبەکارهێنانی ووشە و دەستەواژەی ڕەسەن وشیاو و هەڵسەکەوتی دروست. لەگەڵ رێکخستنی کات وساتی پەخش وبلاوکردنەوەی بابەتەکان لە تەلەڤزیۆن ورادیۆ وبلاوکراوەکان، ئەم هەوڵانەش پێویستە لەسەر ئاستی پارێزگا و شاروشارۆچکەکان ولادێکان بێت، نەوەك تەنها چڕ بکرێتەوە لە

سەنتەری پارێزگاکان. پێویستدەکات حکومەت ڕێوشوێنی کاریگەر بگرێتەبەر بەمەبەستی دابینکردنی ژیان وگوزەرانی شیاو بۆ منداڵان، بە تایبەتی ئەو منداڵانە ئاوارانەی لە دەرئەنجامی بارودۆخی ناوچەکە بێسەرپەرشت ماونەتەوە.

بوونی ژمارەیەکی زۆر لەیاری منداڵان وخواردن وخواردنەوەی منداڵان کە تەندروست نین وبەشێوەی تەندروست ناپارێزرێن وزەرەربەخشن بە ڕەوشت وهەڵسوکەوت وتەندروستی وگەشەی منداڵ. هەر بۆ ئەم مەبەستە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ژووری بازرگانی کۆنفرانسێکی لە هەولێر ڕێکخست لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١١/٢٠).

## ره وشی ژنان :

لەگەڵ بونی یاسای بەرە نگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە(٨ ی ساڵی ٢٠١١)، وکۆمەڵێك یاساو ڕێسای پارێزەرو داکوکیکار لە مافی ژنان، شانبەشانی حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان لە ڕێکخراوەکان وداکوکیکاران لە مافەکانی ژنان ، بەڵام بەکارهێنانی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانی ژنان بەردەوامی هەیە لە هەموو لایەنەکانی ژیان، لە ناو خێزان و شوێنی کارو فەرمانگەکان و ناو کۆمەڵگا. ئەم دیاردەیە ڕێژەکەی بەرزەو هوکاری زۆری هەیە، وەك هۆکاری سروشتی کومەڵگەی کوردەواری و کەلتوری زاڵی پیاوسالاری و بەکەم سەیرکردن بۆ ڕەگەزی مێینە و پەروەردەی خێزان بەرامبەر بە ڕەگەزی مێینە، کە ڕەنگدانەوەی کەلتور و پاشخانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگایە، لەگەڵ بێ ئاگایی وکەمتەرخەمی و هەوڵنەدانی ژنان خۆیان بۆ خۆ هوشیارکردنەوە و بەرز کردنەوەی تواناو داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیان، ئەمەش پێویستی بە بوونی ستراتیجیەتێکی کاری هەمە لایەنانە هەیە لە ژێر سەرپەرشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاوسەنگکردنی ڕەوشەکە.

لە خوارەوە ئاماری توندوتیژی دژی ئافرەتان بۆ ساڵی (٢٠١٤ و ٢٠١٣) لە هەرێمی کوردستان بۆ بەراورد دەخەینە ڕوو:

### ئاماری توندو تیژی دژی ئافرەتان ساڵی (٢٠١٤)لە هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەیە:

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتان | سێکسی | سکاڵا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٤ | ١٨ | ٧٣ | ٣١ | ١٣ | ٤١٧٥ |
| دهۆك | ٦ | ٩ | ١٢ | ٢٠ | ٣٤ | ١٧٠٣ |
| سلێمانی | ٣ | ١٠ | ٢٩ | ٢٢ | ٦٤ | ١١٩٥ |
| گەرمیان | ـــ | ١ | ٢٠ | ١٠ | ١٠ | ٩٦٦ |
| راپەڕین | ٥ | ٥ | ٢٨ | ١٠ | ٢٠ | ٣٧٠ |
| سۆران | ٥ | ٣ | ٢٦ | ٣ | ٢ | ١٩٦ |
| کۆی گشتی | ٣٣ | ٤٦ | ١٨٨ | ٩٦ | ١٤٣ | ٨٦٠٥ |

### ئاماری توندو تیژی دژی ئافرەتان ساڵی (٢٠١٣)لە هەرێمی کوردستان، بەم شێوە بوو:

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتان | سێکسی | سکاڵا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٤ | ١٣ | ٨١ | ٤٠ | ١٧٢ | ١١٩٩ |
| دهۆك | ٥ | - | ٢١ | ٢٩ | ٢٠ | ٩٠٠ |
| سلێمانی | ٤ | ٦ | ٤٦ | ١٦ | ٦١ | ٨٥١ |
| گەرمیان | ٣ | ٥ | ١٤ | ٨ | ٢ | ٣٤٤ |
| راپەڕین | ٢ | - | ٢٢ | ٨ | ٣١ | ٣٥٤ |
| سۆران | - | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | ٣٨ | ٢٤ | ١٨٤ | ١٠١ | ٢٨٦ | ٣٦٤٨ |

بەپێی ئامارە فەرمییەکان کوشتن وخۆکوشتن سووتان و خۆ سووتاندنی ژنان، لەگەڵ توندوتیژی سێکسی بەرامبەر بە ژن، ڕێژەکەی بەرزە ئەمە لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر زیاتر لەم حاڵەتانە بوونی هەیە بەڵام تۆمارنەکراوە و ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر نەکراوە و بە شاراوەیی ماوەتەوە .

لە لایەنی تەندروستیەوە، ئافرەتان بەتایبەتی ئافرەتی دووگیان وەك پێویست ڕێنمایی و پشکینین و چارەسەری پێویستیان بۆ ناکرێت  بە تایبەتی لە حاڵەتی منداڵبووندا، هۆکارەکەشی کەمی نەخۆشخانەی تایبەت  بەمنداڵبوون و خراپی وکەمی ئامێرو تاقیگەو دەرمانی بەکارهاتوو لەگەڵ خراپی مامەڵەی هەندێك لە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی لەگەڵ  ئافرەتی نەخۆش ومنداڵان .

بە شودانی کچ لەتەمەنێکی بچوکەوە هوکارێکە بۆ بوونی زۆر لە کێشەی کۆمەڵایەتی و پێشێلکاری بەرامبەر بە مافی ژنان و دەرئەنجام لە زۆر حاڵەتدا ئەشکەنجەدان وگیان لەدەستدانی ئافرەتی لێدەکەوێتەوە، هەروەها ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە نێوان ئەو گەنجانەی تەمەنیان بچوکە لە زۆر حاڵەتدا تەڵاق و لێك جیابونەوەی نێوان ژن ومێردی لێدەکەوێتەوە، ئەمەشیان کاریگەری کۆمەڵایەتی دەروونی زۆر خراپی دەبێت لەسەر ژیانیان و هاوسەرە کانیان ومنداڵەکانیان و خێزانەکانیان. وەك لە ئامارە فەرمیەکان بەدیار دەکەوێت کەژمارەی مامەڵەکانی تەڵاق و لێکجیابوونەوەی ئەنجامدراو لە دادگاکانی هەرێم لە ماوەی ساڵی **(٢٠١٤)** لە پارێزگاکانی هەرێم کۆی گشتییەکەی **(٨٧٧٧)** مامەڵەیە، لە کاتێکدا لە ساڵی (٢٠١٣) بۆ هەمان ماوە **(٨٤٨٢)** مامەڵە بووە.

هەرچەندە ڕێژەی ئافرەتانی خەتەنەکراو لەساڵی **٢٠١٤** بەپێی هەندێك ئامار دابەزنێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو، بەڵام هێشتا ڕێژەکە ترسناکە و بەپێی ئاماری بنکە تەندروستیەکانی پارێزگاکانی هەرێم، کە لە دەرئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستی وەدەستهاتووە، ڕێژەی ژنە خەتەنەکراوەکان نزیکەی ٣٥٪ دەبێت، لە کاتێکدا لە ساڵی **(٢٠٠٩)** ڕێژەکە **٧٠٪**بوو. بە گشتی ڕێژەکە لە نێوان پارێزگاکان جیاوازە و پێویستدەکات هەڵمەتێکی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئاینی  بۆ هۆشیارکردنەوە و

ئاگاداربوون لە مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە بەرپا بکرێت بەمەبەستی نەهێشتن و بنبڕکردنی دیاردەکە .

## ڕەوشی پەروەردە وفێردکردن :

سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن دەوەستێتە سەر چەندین بنەما، کە خۆی دەبینێتەوە لە بوونی ژمارەی پێویست لە بینای قوتابخانە وتاقیگا ویاریگا کە لە ئاستێکی شیاو وگونجاو بن، لەگەڵ بوونی ژمارەی پێویست لە کادیری پەروەردە وماموستای پسپۆر لە بواری پەروەردە وفێرکردن، لەگەڵ بوونی پرۆگرامی خوێندنی پێشکەوتوو وگونجاو وسەردەمیانە وپڕ لە بەهای مرۆڤدۆستانە، دوور لە ورووژاندن ودروستکردنی بیری جیاکاری جەندەری وئاینی و نەتەوەیی وهەموو جۆرەکانی دیکەی جیاکاریکردن.

لەسەر ئاستی هەرێم بەپێی ئامارەکان، ژمارەی قوتابخانە و جۆر وشوێن ودیزاینەکانیان بە تایبەتی لە دەرەوەی شارەکان بەپێی پێویست نین و لە زۆر کاتدا رێگرن لەبەردەم پەیڕەوکردنی پرۆسەی فێرکردن وخوێندن بە شێوەیەکی ئاسایی وسەرکەوتوانە کە تیایدا مافەکانی قوتابی و ماموستا و کارمەندانی پەروەردە پارێزراو بێت.

بەپێی ئامارەکان ژمارەی ماموستایان و پسپۆرانی کەرتی پەروەردە کەمە بە گوێرەی ژمارەی قوتابیان. وهەروەها نارێکی هەیە لە دابەشکردنی پسپۆریەتی ومیلاکات، ئەمەش پێویست دەکات دووبارە پێداچوونەوە بە میلاکاتی پەروەردەکان بکرێتەوە وبەپێی پێویست وبە شێوەیەکی زانستیانە و دادپەروەرانە و بەپێی پێویست دابەشبکرێنەوە، بەتایبەتی بوونی هەندێك قوتابخانەی نمونەیی کە لە لایەنی بوونی ماموستای پسپۆر وبینای گونجاو وپێداویستیەکانی دیکەی خوێندن بەجۆرێك کە رەوشی خوێندنیان زۆر گونجاوترە لە قوتابخانە ئاساییەکانی دیکە، بوونی ئەم قوتابخانە تایبەتیانە جۆرێکە لە

جیاکاری کردن لە نێوان قوتابی وقوتابخانەکانیان، لە کاتێکدا پێویست دەکات یەکسانی ویەکیەکی هەبێت لە مامەڵە کردن و ڕەوشی خوێندن لە هەموو قوتابخانە ئاسایی ونمونەییەکان، وهەوڵبدرێت ئاستی قوتابخانە ئاساییەکان بەرز بکرێتەوە هاوشێوەی قوتابخانە نمونەییەکان، و هەروەها پلانێکی درێژخایەن دابرێژرێت بەهەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی بەمەبەستی دابینکردنی ژمارەی پێویست لە پسپۆر بۆ هەموو بابەتەکان و بۆ هەموو قوتابخانەکان.

دەربارەی پرۆگرامەکانی خوێندن وجۆرەکانی تاقیکردنەوە (مانگانە ، وەرزی وکۆتایی) و سیستەمی دابەشکردنی نمرەکان، جۆرێك لە ناسەقامگیری وگۆڕینی بەردەوام هەیە، بەشێوەیەك ئاڵۆزیەك لەلای مامۆستا وقوتابی وکارگێڕی قوتابخانەکان دروست دەکات، کە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر سەرجەم پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن دەبێت.

هەرچەندە بە ڕای وەزارەتی پەروەردە توندوتیژی لەقوتابخانەکان ڕێژەکەی کەمیکردووە، وسزای چەند مامۆستایەکیش دراوە لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام دیاردەکە ناکرێت چڕ بکرێتەوە لە کرداری لێدانی و زەبری جەستەیی، بەڵکو هەموو جۆرەکانی توندوتیژی لە خۆدەگرێت وەك هەڕەشەی زارەکی وشکاندنەوەی کەسایەتی منداڵان و سوکایەتی پێکردن، بۆیە ئەمە وا دەخوازێت کە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی هاوشانی پێگەیاندنی قوتابیەکانیان لە بواری زانستیدا هەوڵی پێگەیاندن وراهێنانی قوتابیەکان بدەن لە بواری مامەڵەکردنی مرۆڤانە وشارەزا بوون لە بواری دەروونی وکۆمەڵایەتی ولێبوردەیی ویەکترقبوڵکردن وهەموو بەها پیرۆزەکانی دیکەی مرۆڤایەتی.

ژینگەی زۆرێك لە قوتابخانەكان بە گشتی و قوتابخانە حكومییەكان بە تایبەتی گونجاو نین، لەلایەنی پاكوخاوێنی وساردی وگەرمی هۆڵەكانی خوێندن وسەرچاوەكانی ئاوی خواردنەوە وخواردنی ناو قوتابخانەكان، وپاكوخاوێنی شوێنی دەست شوشتن وتوالێت.

هەروەها ڕۆڵی وەزارەتی تەندروستی لە چاودێریكردن وپاراستنی قوتابیان وژینگەی قوتابخانەكان وەك پێویست نیە، بە گوتەی وەزارەتی پەروەردە هەرچەندە هەماهەنگیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بەڵام ئاستی هاوكاریەكەیان لە خواستی ئەواندا نییە و چالاكیەكانیان بە شێوازێك نییە كە خزمەتی بەرچاو بە قوتابیان بكات لە ڕووی تەندروستیەوە.

لە ناوچە دوورە دەستەكان وگوندەكان ژمارەی قوتابخانەكان كەمن وبینای قوتابخانەكان شیاو نین وگەیشتن بە قوتابخانەكان سەختە لە زۆركاتدا ومەترسی لەسەر تەندروستی وژیانی قوتابیان وماموٚستایان دروست دەكات. هەروەها بەتایبەتی لە زۆرێك لە گوندەكان لەبەر نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو ماموٚستایانەی لە شارەوە دێن ولەو شوێنانە دادەمەزرێن ئەمە دەبێتە هۆكارێك بۆ نارێكی میلاك و دەوام كە دەرئەنجام بە زیانی پرۆسەی خوێندن وقوتابیان دەكەوێتەوە.

قوتابخانەكان پێویستی زیاتریان بە بوونی ئامرازەكانی ڕونكردنەوە وئامێرەكانی یاریدەدەر لە وتنەوەی وانە لە داتا شۆ وتاقیگەی دەنگی و تاقیگەی بابەتە زانستیەكان هەیە.

سەرەڕای بوونی بەرنامە وهەوڵ بۆ تێكەڵكردنی بابەتەكانی مافەكانی مرۆڤ لەگەڵ پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانە وزانكۆكان، بەڵام ئەم بابەتە پێویستی بە سەرلەنوێ داڕشتنەوە وپێداچوونەوەو ڕێكخستن هەیە، بەپێی قۆناغەكانی خوێندن وئاستەكان، بە شێوەیەك كە تەواوكەری یەكتربن ولەگەڵ تەمەن وئاستی قوتابیەكان بگونجێت. هەروەها

هەوڵبدرێت مافەکانی مرۆڤ تەنها لە رێگەی وانەیەکی تایبەت بە مافەکان نەدرێت بە قوتابیان، بەڵکو بکرێت بە رۆشەنبیرێك وهەڵسوکەوتێك لەناو سەرجەم وانە وبابەتەکاندا رەنگدانەوەی هەبێت لە رەفتارو کرداری مامۆستاکان و فەرمانبەران.

دەستە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی وەزاری حەوتەم وهەشتەم کۆبونەوەی ئەنجامداوە بۆ هەماهەنگی کردن وهاوکاری بە مەبەستی دانانی پرۆگرامی تایبەت بە خوێندنی وانەی ماف مرۆڤ بەلاَم تاکو ئێستا ئەمە نەکراوە ودەستەش لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بەم ئاراستەیە.

## داتاکان

ژمارەی قوتابیان-خوێندکاران [illegible]

| پارێزگا | باخچەی ساوایان | | بنەرەتی | | ئامادەیی | | پیشەیی | | پەیمانگا | | فێرکردنی خێرا | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | |
| [illegible] | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان |
| | Boys | Girls | Boys | Girls | Boys | Girls | Boys | Girls | Boys | Girls | Boys | Girls | Boys | Girls |
| هەولێر [illegible] | 13187 | 12961 | 225063 | 198738 | 43672 | 41003 | 2055 | 933 | 1081 | 787 | 2586 | 1537 | 287644 | 255959 |
| | 26148 | | 423801 | | 84675 | | 2988 | | 1868 | | 4123 | | 543603 | |
| سلیمانی [illegible] | 11829 | 11937 | 189168 | 169734 | 48635 | 48929 | 2852 | 2064 | 1090 | 912 | 1340 | 923 | 254914 | 234499 |
| | 23766 | | 358902 | | 97564 | | 4916 | | 2002 | | 2263 | | 489413 | |
| دهوك [illegible] | 5758 | 5650 | 198716 | 172007 | 40922 | 36919 | 537 | 356 | 1008 | 704 | 1834 | 715 | 248775 | 216351 |
| | 11408 | | 370723 | | 77841 | | 893 | | 1712 | | 2549 | | 465126 | |
| کەرکوک [illegible] | 3107 | 3190 | 40658 | 36395 | 5075 | 6036 | 190 | 83 | 248 | 140 | 329 | 82 | 49607 | 45926 |
| | 6297 | | 77053 | | 11111 | | 273 | | 388 | | 411 | | 95533 | |
| گەرمیان [illegible] | 2085 | 2143 | 31079 | 28527 | 6664 | 7605 | 229 | 199 | 347 | 386 | 643 | 178 | 41047 | 39038 |
| | 4228 | | 59606 | | 14269 | | 428 | | 733 | | 821 | | 80085 | |
| کۆ [illegible] | 35966 | 35881 | 684684 | 605401 | 144968 | 140492 | 5863 | 3635 | 3774 | 2929 | 6732 | 3435 | 881987 | 791773 |
| | 71847 | | 1290085 | | 285460 | | 9498 | | 6703 | | 10167 | | 1673760 | |

| | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | ژمارەی مامۆستایان [illegible] | | | | | | |
| کۆی گشتی | | فێرکردنی خێرا | | پەیمانگا | | پیشەیی | | ئامادەیی | | دواناوەندی | | بنەڕەتی | | باخچەی ساوایان | | پارێزگا |
| [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | |
| مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | [illegible] |
| Female | Male | Female | Male | Female | Male | Female | Male | Female | Male | Female | Male | Female | Male | Female | Male | |
| 23273 | 15399 | 154 | 235 | 110 | 196 | 210 | 303 | 3086 | 2624 | 778 | 662 | 17206 | 11366 | 1729 | 13 | هەولێر [illegible] |
| 38672 | | 389 | | 306 | | 513 | | 5710 | | 1440 | | 28572 | | 1742 | | |
| 23319 | 16163 | 110 | 134 | 118 | 179 | 390 | 350 | 2906 | 3046 | 421 | 237 | 18226 | 12102 | 1148 | 115 | سلیمانی [illegible] |
| 39482 | | 244 | | 297 | | 740 | | 5952 | | 658 | | 30328 | | 1263 | | |
| 13544 | 13311 | 69 | 113 | 68 | 138 | 44 | 82 | 1660 | 2442 | 72 | 172 | 10739 | 10337 | 892 | 27 | دهۆک [illegible] |
| 26855 | | 182 | | 206 | | 126 | | 4102 | | 244 | | 21076 | | 919 | | |
| 3631 | 2511 | 11 | 25 | 19 | 53 | 35 | 69 | 159 | 195 | 669 | 307 | 2506 | 1862 | 232 | 0 | کەرکوک [illegible] |
| 6142 | | 36 | | 72 | | 104 | | 354 | | 976 | | 4368 | | 232 | | |
| 4297 | 4188 | 40 | 71 | 30 | 72 | 10 | 33 | 450 | 650 | 252 | 235 | 3282 | 3127 | 233 | 0 | گەرمیان [illegible] |
| 8485 | | 111 | | 102 | | 43 | | 1100 | | 487 | | 6409 | | 233 | | |
| 68064 | 51572 | 384 | 578 | 345 | 638 | 689 | 837 | 8261 | 8957 | 2192 | 1613 | 51959 | 38794 | 4234 | 155 | کۆ [illegible] |
| 119636 | | 962 | | 983 | | 1526 | | 17218 | | 3805 | | 90753 | | 4389 | | |

## ڕەوشی خوێندنی باڵا:

لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە زانکۆ وپەیمانگای حکومی وئەهلی، وهەروەها بوونی نیاز وبەرنامەی بەرەوپێشبردن وتۆکمەتر کردن وبەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن وزانست، بەڵام پرۆسەکە بەدەر نیە لە چەندین کەموکوری وتێبینی وخاڵی لاواز. دەکرێت دیارترین تێبینیەکان چڕ بکەینەوە لە مانەوەی ژمارەیەك لە قوتابی دەرچووی ئامادەیی و وەرنەگیرانیان لە زانکۆ وپەیمانگاکان وبێبەش بوونیان لە مافی درێژەدان بە خوێندن. لەگەڵ نەگونجاوی بینا وشوێنی زۆرێك لە زانکۆ و پەیمانگاکان، بەشێکن لە هۆکارەکانی باش بەڕێوەنەچوونی پرۆسەی خوێندن وزانست.

سەرباری بوونی ژمارەیەك لە بەشە ناوخۆیەكانی حەوانەوەی قوتابیان كە گونجاون لە رووی حەوانەوە وخزمەتگوزاریەكان، بەلأم لە زۆرێك لە بەشە ناوخۆیەكانی دیكە هەست دەكرێت بە نەگونجاوی بینا و نارێكی كەلوپەل وپێداویستی قوتابیان وزۆری ژمارەی قوتابیان لە ژورەكان لەگەڵ خراپی خزمەتگوزارەیەكانی ئاو وكارەبا. وخراپی ونەبوونی ئامرازەكانی گواستنەوەی قوتابیان لە نێوان بەشە ناوخۆیەكان وشوێنی خوێندن.

ئەوەی پەیوەندی بە كەشی ناو زانكۆ و پەیمانگاكانەوە هەیە، پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییەكان وەك پێویست نیە لە زۆر كاتدا، هۆكارەكەشی دوو لایەنەیە، لەلایەك هەندێك لە مامۆستاكان لەلایەنی زانستی وهەڵسوكەوتی مرۆڤانە وپەیوەندیەوە، لە ئاستی پێگە وپلە وپۆستەكانیاندا نین، لەلایەكی دیكەوە هەندێك لە قوتابییەكان بەرامبەر بە مامۆستاكانیان كەمتەرخەمن وئەو رێزە لە مامۆستاكان ناگرن كە شایستەی ئاستی زانستی وپێگەكەیانە، هەروەها دەستتێوەردان وقودسیەتی زانكۆ وپەیمانگاكان وەك پێویست پارێزراو نیە، ئەمەش بە هۆكاری دەستێوەردانی حیزبی و دەستڕۆیشتنەوە. لە دەرئەنجامی ئەم حاڵەتانە پێوەرە زانستیەكانی دیاری كردنی ئاستی زانستی قوتابیان وون بوونە ونادادپەروەری هەیە لە دەرچوواندنی هەندێك قوتابی كە شایستەی دەرچوون نین، وپێدانی هەلی وەرگرتن لە خوێندنی باڵا بە ناحەق.

لە دەرئەنجامی ئەم كەموكورِیانە چارەنووسی كۆمەڵگا و ژیانی رۆژانەی خەڵك ومامەڵە فەرمییەكانیان دەكەوێتە دەست كەسانێك كە نە لێهاتوویی زانستیان هەیە ونە لە توانیاندایە دادپەروەرانە كاری هاوڵاتیان ئەنجام بدەن، چونكە خۆیان لەسەر بنەمای نادادپەروەری بوون بە خاوەن بڕوانامە وپلە، هەروەها هۆكاریشن بۆ پەراوێز خستنی خەڵكانی بە توانا وخاوەن بڕوانامە وپاك ودڵسۆز كە ئەوان شایستەی بەشداری كردنی لە بەرێوەبردنی جومگە كشتییەكان.

## بەندیخانەکان:

### • گرتن وگواستنەوە:

پاش بنیاتنانی دوو بینای نوێ بۆ بەڕێوەبەرایەتی گرتن وگواستنەوەی پۆلیس لە سلێمانی وهەولێر، لە هەولێر تاکو ئێستا نەتوانراوە کەلوپەل وستافی پێویست بۆ بینا نوێیەکە دابین بکرێت، ئەمەش بۆتە هۆکار بۆ مانەوەی راگیراوان لەهەمان کەش وژینگە نەگونجاوەکەی سالآنی پێشووی بەندیخانەی (محطة)، کە بارودۆخەکەی خراپە وناتەندروستە بە هۆی زۆری ژمارەی راگیراوەکان، کە لە هەندێك کاتدا ژمارەکە لە (١٠٠)راگیراو تێدەپەڕێنێت لە یەك هۆڵدا. ئەم ژمارە زۆرەی راگیراوان وایکردووە نەتوانرێت وەك پێویست پارێزگاری لە پاك وخاوێنی وژینگەیەکی گونجاو وتەندروست بکرێت، بەجۆرێك ناهەمواری هەیە لە شوێنی خەوتن وچاوپێکەوتن وشوشتن وتوالێت وهاتنە بەر خۆر، کۆی ئەم هۆکارانە بۆتە مایەی نیگەرانی وبێزاری زۆر لە لایەن راگیراوەکان کە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر لایەنی دەروونی راگیراوان وکەسوکارەکانیان.

دەربارەی بەڕێوەبەرایەتی گرتن وگواستنەوەی پارێزگای سلێمانی، هەرچەندە بیناکە نوێیە بەلآم لەبەر بچوکی توانای لەخۆگرتنی راگیراوان بەرامبەر بە زۆری ژمارەی راگیراوان، لەکاتیکدا بە پێی دیزاینی باڵەخانەکە جێگەی **(٢٥٠-٣٠٠)** راگیراوە ، بەلآم لەهەندێك کات ئەم ژمارەیە دەگاتە نزیکەی **(٥٠٠)** راگیراو واتە نزیکەی دوو هێندەی توانای لەخۆگرتن. ئەمە سەرەڕای خراپی تۆڕەکانی ئاو وئاوەڕۆی بەڕێوەبەرایەتییەکە کە ژینگەیەکی ناتەندروستی دروست کردوە بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، لەگەڵ بچوکی ونەگونجاوی شوێنی چاوپێکەوتنی راگیراوان لەگەڵ کەسوکاریان.

لە ماوەی ساڵی (٢٠١٤) چەند حاڵەتێكی مردن وخۆكوشتن لە بەڕێوەبەرایەتییەكانی گرتن وگواستنەوەی پۆلیس وبنكەكانی پۆلیس لەهەر یەك لە پارێزگاكانی هەولێر وسلێمانی ودهۆك روویانداوە، ئەمەش پێویست دەكات لایەنە پەیوەندیدارەكان لێكۆڵینەوە بكەن بەمەبەستی دەرختسنی راستییەكان وهەروەها بنبڕكردنی ئەو هۆكارانەی رێخۆشكەرن بۆ ئەم جۆرە رووداوە نەخوازراوانە. دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ سەرۆكایەتی داواكاری گشتی لەم بابەتە ئاگاداركردۆتەوە.

لەكاتی سەردانیكردن وچاوپێكەوتن لەگەڵ راگیراوان وهەروەها بەپێی ئەو سكالأیانەی كە بەدەستمان گەیشتوە، تۆمەتباران لەكاتی گرتن ولێكۆلینەوەدا لەهەندێك حاڵەت دووچاری توندوتیژی وئەشكەنجەدان بوونەتەوە بەمەبەستی وەرگرتنی دانپیانان لێیان. دەستەكەمان،چەندین جار وەزارەتی ناوخۆ وسەرۆكایەتی داواكاری گشتی لێ ئاگاداركردۆتەوە بەمەبەستی لێكۆلینەوە وبەدواداچوون وبنبڕكردنی ئەم حاڵەتانە، بەلأم وەكو پێویست رێكاری یاسایی وەرنەگیراوە.

مانەوە وچاوەڕوانكردنی راگیراوان لە بەندیخانەكانی گرتن وگواستنەوەی سەر بە پۆلیس بۆ ماوەیەكی زۆر زیاد لە ماوەی یاسایی خۆیاندا ونەبوونی توانای دادگاكان بۆ یەكلایكردنەوەی كەیسی راگیراوان، جێگەی نیگەرانی سەرجەم راگیراوانە وبارێكی دەروونی ناجێگیری دروستكردوە لەلای راگیراوان، كە لە هەندێك حاڵەتدا راگیراو ماوەی راگرتنەكەی لە پێنج ساڵ زیاتر دەبێت. ئەمەش پێچەوانەی یاسا كارپێكراوەكانە وەبەتایبەت یاسای مافی قەرەبوكردنەوەی راگیراو وحوكمدراوان لە كاتی بێ تاوان دەرچوونیان لە هەرێمی كوردستانی عیراق (قانون تعویض‌الموقوفین والمحكومین عند البراءة والافراج في اقلیم كوردستان – العراق) **ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٠، كە لە مادده (٢)ی ئەم یاسایەدا هاتووە: (هەركەسێك بە ناڕەوا گلدرایەوە یان گیرا یان ماوەی گیرانەكەی لە رادەی**

**یاسایی ڕەت بووبێ یان بە سزایەکی وا حوکم درابێ کە ئازادییەکەی لێ سەندبێتەوە لەلایەن لایەنە دادوەرییە تایبەتیەکانەوە بەبێ بەڵگەی یاسایی، لە دوایيدا بڕیارێك بە ڕەت کردنەوەی سکاڵاکەی یان ئازاد کردنەکەی دەرچوو بێ وداواکارییەکەی دواخرا یاخود بەبێ تاوان حوکم درا وبڕیارەکەش ڕادەی بنبڕی بەپێی یاسا جێبەجێ کراوەکان وەرگرتبێت، ئەوا ئەو کەسە بۆی هەیە داوای قەرەبوو کردنەوەی ماددی ومەعنەوی لە بارەی ئەو زەرەروزیانەی بکات کە لە ئەنجامی گرتن وحوکمدانی لێی کەوتووە).**

سەرەڕای بوونی بنکەی تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانی گرتن وگواستنەوەی سەر بە پۆلیس، بەلاّم لە رووی دابینکردنی دەرمان وجۆرەکانی و ئامێر وتاقیگەی پزیشکی وپزشکی پسپۆر وتایبەتمەند وەك پێویست نییە ونەبوونی کارمەندی تەندروستی ئیشکگریش گرفتێکی سەرەکی راگیراوی ناتەندروستە.

سەبارەت بە بەندیخانەکانی ئاسایش، بوونی حاڵەتەکانی ئەشکەنجەدان وبەکارهێنانی توندوتیژی، لە بەڕێوەبەرایەتی وبنکەکانی ئاسایش لەکاتی دەسگیرکردن وپرۆسەکانی لێکۆلینەوە لەگەڵ تۆمەتباران لە هەندێك حاڵەتدا پەیڕەودەکرێت و بوونی هەیە، ئەمەش بەپێی ئەو سکالاّ و چاوپێکەوتنانەی کە لە رێگەی تیمەکانمان وبەشی سکالاّی ناو دیوانی دەستەکەمان بەدەستمان گەیشتوە.

لاوازی رۆلی داواکاری گشتی لە بەدواداچوون وسەردانیکردنی بەندیخانەکانی ئاسایش جێگەی تێبینی وهەلۆەستە لەسەر کردنە، چونکە لە میانی چاوپێکەوتنەکانماندا ژمارەیەکی زۆر لە راگیراوان لە هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر وسلێمانی ودهۆك گلەیی و سکالاّیان دەربارەی سەردانی نەکردن وئەنجام نەدانی بەدواداچوون و نەگرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی بۆ کەیسەکانیان لە لایەن داواکاری گشتیەوە هەبووە. ژمارەیەکی بەرچاو

لە راگیراوانی بەندیخانەکانی ئاسایش ماوەیەکی زۆرە لە چاوەڕوانی یەکلایکردنەوەی کەیسەکانیاندان کە بە گوێرەی سکالاکان راگیراو هەیە نزیکەی دە (١٠) ساڵە لە چاوەڕوانی یەکلایکردنەوەی کەیسەکەیدایەو ودادگاکان کەیسەکەیان یەکلایی نەکردۆتەوە. ئەمەش پێشێلکاریەکی زەقە بەرامبەر بە راگیراوان ودوورە لە هەموو بنەماکانی رێککەوتنامەکانی مافەکانی مرۆڤ.

لەگەڵ گونجاوی شوێنی حەوانەوە ومانەوە و خواردن وخواردنەوەی راگیراوان بەڵام پێویست دەکات رێو شوێنە تەندروستی وخزمەتگوزارییە تەندروستیەکان توندتر بکرێت بەمەبەستی پاراستنی راگیراوان لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی ترسناك، وەك ئەو حاڵەتەی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بوونی هەبوو کە یەکێك لە راگیراوەکان توشبووی ڤایروس هەوکردنی جگەر بوو.

لە رووی شوێنی راگرتن ومانەوەی بەندکراوان لە هەر سێ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانی ئاسایشی ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم، بە شێوەیەکی گشتی گونجاو ولەبارە. تا رادەیەك توانراوە پارێزگاری لە پاك وخاوێنی بکرێت بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە پێویستدەکات رێوشوێنی گونجاوتر و تەندروستیانە بگرنەبەر بۆ ئەو دەستگیرکراوانەی کە تووشبوون بە نەخۆشییە مەترسیدارەکانی وەك هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر.

- **چاکسازییەکان:**

سەبارەت بە بیناو شوێنی مانەوەی حوکمدراوان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، پارێزگای دهۆك چەند سالێکە بینا نوێیەکەی بەکاردەهێنرێت و هیچ گرفت وکێشەی شوێنیان نییە، وچەندین هۆڵی وەك دارتاشی وئاسنگەری وکۆمپیوتەر هەیە تایبەت بە بەرنامەی چاکسازی. هەروەها لە پارێزگای سلێمانی لە مانگی ئەیلولی (٢٠١٤)وە

حوكمدراوەكان گوازراونەتەوە بۆ بینا نوێیەکە، لە هەولێر هەرچەندە لە ساڵی (٢٠١٤) بینای نوێی چاکسازی تەواو بووە بەڵام تاکو ئێستا بیناکە بەکارنەهاتووە . بۆیە لە هەولێر ئێستا بە هۆی زۆری ژمارەی سزادراوان وکەمی هۆڵەکان ڕەوشێکی خراپ وناتەندروست بۆ سەرجەم سزادراوان دروست بووە، بۆیە نەتوانراوە لەم چاکسازییەدا سزادراوان لەسەر بنەمای جۆری تاوان و بەپێی تەمەن دابەش بکرێن و هیچ مەرجێکی چاکسازی تیادا بەدی ناکرێت وناتوانرێت پرۆسەی چاکسازی ودووبارە بنیاتنانەوەی کەسایەتی تەندروستی سزادراو ئەنجامبدرێت.

لە چاکسازی پیاوانی پارێزگاکانی هەرێم لەلایەنی تەندروستیەوە لەگەڵ بوونی بنکەیەکی تەندروستی بەڵام خزمەتگوزاری پێشکەشکراو بە بەندییەکان وەك پێویست نییە، لە ڕووی بڕ و جۆری دەرمان وتاقیگە وکەرەستەی پزیشکی وهەروەها سەردان وبوونی پزیشکی پسپۆر.

هەندێك نەخۆشی ترسناك بوونی هەیە وەك نەخۆشی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر (التهاب الكبد الفايروسی)، لە چاکسازی هەولێر وسلێمانی کە پێویستی بە ڕێوشوێن وچارەسەری ودەرمانی تایبەتی هەیە، چونکە ئەم جۆرە نەخۆشیانە ترسناکن و دەگوازرێنەوە. هەروەها بنکەی تەندروستی چاکسازییەکان پێویستیان بە ئەمبۆلانسی زیاتر هەیە بۆ گواستنەوەی سزادراوی نەخۆش لە کاتی پێویست بۆ نەخۆشخانەکان (إحالة). دەستە بە نوسراوی ژمارە (**١/١٦/١٠١٠ لە ٢٠١٤/٧/٢٠**)وەزارەتی تەندروستی وکار وکاروباری کۆمەڵایەتی لە ترسناکی ئەم بابەتە ئاگادار کردۆتەوە، ولە وەڵامی وەزارەتی کار وکاروباری بە نوسراویان ژمارە (**٨٩٢ لە ٢٠١٤/٨/٦**)باس لە بوونی (**٣**) سێ حاڵەت لەم نەخۆشیە دەکەن لە چاکسازی گەورانی سلێمانی کە جیاکراونەتەوە لە سزا دراوەکانی تر وچاودێری وچارەسەری پێویستیان بۆ ئەنجام دەدرێت.

دەربارەی ژەمەکانی خواردن و ئاوی خواردنەوە، سێ ژەمە دابینکراوە بە پێی خشتەی تایبەت. بەڵام گلەیی هەیە لە جۆرو لە دووبارەبوونەوەی خواردنەکان ، ئەمەش وادەخوازێت کە پێداچونەوە لە جۆری خواردن و خشتەی دابەشکردن بکرێتەوەو هەروەها کۆنترۆڵی زیاتری پاکوخاوێنی و گونجاوی خۆراك بکرێت.

دادگاکان بەردەوامن لەسەپاندنی سزای لە سێدارەدان بە پێی یاسا، هەرچەندە لە روی جێبەجیکردنەوە سزاکە راگیراوە جێبەجێ ناکرێ (ئەم جێبەجێنەکردنەش مایەی دەستخۆشی لێکردنە لەم قۆناغەدا) . ژمارەی ئەو کەسانەی لە بەندیخانەکانی هەرێمەوە سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە **(٢٠٥)** سزادراون . ئەم حاڵەتەش مایەی نیگەرانی و نا ئارامی زۆرە بۆ سزادراوان و کەسوکاریان کە چارەنوسیان روون و دیار نیە و پێویست دەکات چارەسەری یاساییان بۆ بدۆزرێتەوە. دەستە لە راپۆرتی ساڵی (٢٠١٣) پێشنیازی " گۆرینی سزای لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستان بۆ زیندانی بەدرێژای تەمەن **( مدى الحياه )**"کردبوو ودەکەینەوە. وەهەروەها لە ساڵی (٢٠١٣) دەستە لە پلانی دابوو کۆنفرانسێکی فراوان ببەستێت بە بەشداری چەندین پسپۆری ناوخۆ وچەن پسپۆرێکی دەرەوەی وڵات، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکی دەستە لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە حکومەتی فیدراڵی کندا وچەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپی لە هەماهەنگی دابوو بەڵام کۆنفرانسەکە دواخرا بۆ ساڵی (٢٠١٤) چونکە لە توانای بوودجەی دەستەدا نەبوو کە ئەم کۆنفرانسە ئەنجام بدات، ولەساڵی (٢٠١٤) لەبەر قەیرانی دارایی ونەبوونی بوودجە دەستە سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە بۆ ئەوەی بە هەماهەنگی ئەم کۆنفرانسە ئەنجام بدەن. دەستە لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ بەستنی ئەم کۆنفرانسە بە سوود وەرگرتن لە پسپۆرانی نێودەوڵەتی بۆ نوسینی پرۆژە یاسایەك بە لابردنی سزای لەسیدارەدان وشوێن گرتنەوەی بە سزایەکی تر وەکو سزای بەدرێژایی تەمەن (مدى الحياه) ویان(١٠٠) سەد ساڵ زیندانی وبەشێوەیەك کە بە هیچ جۆرێك لێبوردنی گشتی ئەم جۆرە سزا دراوانە نەگرێتەوە.

ژمارەیەك لە سزادراوی بە رەگەز ئێرانی داواکارن ماوەی سزادانەکەیان لە وڵاتی ئێران تەواوبکەن بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەی لە نێوان حکومەتی عێراق و ئێران ئیمزا کراوە و بە یاسای ژمارە ٩٠ لە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن عیراقەوە پەسەند کراوە، بەڵام تاکو ئێستا بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕێککەوتنامەکە جێبەجێ نەکراوە. سەبارەت بەم کەیسە دەستە ئاگاداری فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کردووە بۆ ئەوەی لەرێگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە کار بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنامەکەبکرێت بەڵام تاکو ئێستا ئەم فەرمانگەیە ئەم کارەی ئەنجامنەداوە.

لە میانی سەردانیکردنی تیمەکانی بەشی بەندیخانەکان لە دیوانی دەستەکەمان لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ چاکسازییەکانی هەرێم، سکاڵاو گلەیی زۆر هەبوو لە لایەن سزادراوان لەسەر بڕوانەبوونیان و قەناعەت نەهاتنیان بەو سزایانەی کە بەسەریاندا سەپێندراوە و گلەییەکانیان هەمووقۆناغەکانی دادگایکردن و هەروەها ڕێوشوێنە یاسایی و ڕێکارە یاساییەکان دەگرێتەوە کە بەرامبەریان گیراوەتە بەر، هەر لە فەرمانی دەستگیرکردن و جێبەجێکردنی فەرمانەکە و لێکۆڵینەوەو دادگاییکردن و تانە گرتن لە حوکمی دادگاو ماوە یاساییەکانی و ساغکردنەوەی کێشەکانیان . بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٣ ی دەستەکەمان پێشنیازێك ئاراستەی بەڕێز ئەنجوومەنی دادوەری کرابوو، ئەوانیش لە وەڵامیان بە فەرمانی ژمارە ٢٥٢ لە ٢٠١٤/٣/٩ و ١٠٢٠ لە ٢٠١٤/١٢/١لێژنەیەکی باڵای دادوەرییان بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنا، بەڵام تێبینی بوونی هەمان سکاڵاو گلەیی و ناڕەزایی دەکرێت لە گرتوخانەو چاکسازییەکان بە گشتی ، ئەمەش وا دەخوازێت لێژنە دادوەرییە بەڕێزەکە کارەکان خێراترو چالاکانەتر ئەنجام بدەن لە پێناوی سەروەری یاسا وپاراستنی زیاتری مافەکانی مرۆڤ و وەستان لەسەر حەقیقەت و هۆکارەکانی ئەم ناڕەزاییەی سزادراوان بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

ژمارەیەك لە سزادراوان لە چاکسازییەکان سکاڵاو گلەییان هەیە لە هەندێك لە ڕێوشوێنە یاساییەکان وەك درەنگ گەڕانەوەی بڕیاری دادگای تەمییز دەربارەی کەیسەکانیان ، ئەمەش نا ئارامی دەرونی لەلایەن سزادراوان دروست کردووە .

هەرچەندە لە چاکسازییەکانی ژنان تا رادەیەك شوێن و بیناکانیان گونجاوە و باڵەخانەی تایبەت بە چاکسازییەکان بۆ هەریەك لە پارێزگاکانی (هەولێر سلێمانی ) لە قۆناغی دروستکردندان و بە تەواو بوونیان کێشەکانی پەیویست بە بیناو بچوکی شوێنەکان چارەسەر دەبێت . بە هۆی بچووکی شوێن و کەمی تواناکان لە دابینکردنی ئامێر وئامراز وپێداویستیەکان بەرنامە چاکسازییەکان لەگەڵ راهێنەرو مامۆستای تایبەت، نە توانراوە وەك پێویست پرۆسەی چاکسازی ئەنجام بدرێت.

سەبارەت بە کاتەکانی سەردانیکردن و رێوشوێنی رێکخستنی سەردانیکەرەکان بە پێی خشتەی تایبەت رێکخراوە، بەڵام گلەیی هەیە لە میکانزمی رێکخستنی سەردانەکان بە شێوەیەك کە لە کاتی دیاریکراو بۆ سەردانیەکە کەمدەکاتەوە، سەرەڕای ئەمانەش لە هەولێر کێشەی بچوکی و نەگونجانی شوێنی چاوپێکەوتنەکان هەیە .
دیاریدەی مامەڵکردن و بازرگانیپێکردن و بەکارهێنای مادده هۆشبەرەکان لە نێوان سزادراوان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی بوونیان هەیەو بە تایبەتی لە چاکسازی گەورانی سلێمانی ، ئەم حاڵەتەش بۆتە مایەی کێشەوگرفت بۆ سزادراوان وکەسوکاریان هەروەها بۆ بەڕێوەبەر وکارمەندانی چاکسازییەکان کە پێویستە وەزارەتەکانی ناوخۆ وکاروکاروباری کۆمەلأیەتی رێوشوێنی توندتر بگرنەبەر بۆ بنبڕکردنی.

| ژ | ئاماری راگیراوان ئاسایش بۆ مانگەکانی | ك٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزیران | تموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ك١ | کۆی گشتی له سالێکدا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر | ١٣٧ | ١١٢ | ١٣١ | ١٣٤ | ١٢٤ | ١٥٩ | ١٨٢ | ٣١٥ | ٤١٩ | ٤٢٢ | ٤٥٧ | ٤٤٨ | ٢٩٩٠ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر | ١٩٧ | ٢٠٢ | ٢١١ | ١٦٣ | ١٥٨ | ٢١٥ | ٢١٥ | ٢٩٠ | ٤٢٥ | ٤٧٣ | ٥١٠ | ٥١٧ | ٣٥٧٦ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی سلێمانی | ٤ | ١٤ | ٨ | ٢٢ | ٢٤ | ١١ | ٤ | ٢٨ | ٣١ | ٣٣ | ٣٨ | ٣٧ | ٢٥٤ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی | ١٢٣ | ٩٧ | ٩٩ | ٧٦ | ٧٠ | ٧٣ | ٤٧ | ٨٩ | ٩١ | ٩٩ | ٨٩ | ٩٥ | ١٠٤٨ |
| ٥ | بەڕێوەبەرلیەتی ئاسایشی دهۆك | ١٦٩ | ١٧٩ | ٢٠٠ | ١٦٥ | ١٤٦ | ١٤٧ | ١٤٦ | ٣٦١ | ٤٢٤ | ٤٢٣ | ٤٠٢ | ٤٥٨ | ١٠٤٨ |
| | کۆی گشتی له مانگێکدا | ٦٤٠ | ٦٠٤ | ٥٦٠ | ٥٢٢ | ٦٠٥ | ٤٤٨ | ٨٩٤ | ١٣٩٠ | ١٤٩٦ | ١٤٩٦ | ١٤٩٦ | ١٥٥٤ | ٧٢٤٢ |

| تێکڕا | □□□□ | | | | | | | | | | | | | جۆری بەندکراوان | | پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 3 | 2 | 1 | | | |
| 662 | 691 | 664 | 649 | 670 | 660 | 685 | 673 | 658 | 669 | 655 | 655 | 642 | 634 | گیراو | پیاوان (گەوران) | هەولێر |
| 26 | 30 | 29 | 26 | 25 | 29 | 26 | 27 | 27 | 24 | 25 | 25 | 24 | 23 | گیراو | ژنان | |
| 31 | 33 | 40 | 35 | 32 | 33 | 28 | 29 | 30 | 28 | 29 | 29 | 25 | 29 | راگیراو | | |
| 41 | 47 | 42 | 42 | 43 | 42 | 40 | 40 | 41 | 37 | 40 | 40 | 39 | 37 | گیراو کور | منداڵان | |
| | | | | | | | | | | | | | | گیراو کچ | | |
| 25 | 27 | 40 | 34 | 30 | 21 | 19 | 19 | 20 | 18 | 22 | 22 | 27 | 27 | راگیراو کور | | |
| 4 | 6 | 4 | 3 | 4 | 6 | 3 | 8 | 6 | 2 | 3 | 3 | 4 | 3 | راگیراو کچ | | |
| **789** | **834** | **819** | **789** | **804** | **791** | **801** | **796** | **782** | **778** | **774** | **774** | **761** | **753** | **کۆ** | | |
| 983 | 1039 | 1037 | 1002 | 1005 | 997 | 994 | 1001 | 983 | 942 | 945 | 945 | 938 | 945 | گیراو | پیاوان (گەوران) | سلێمانی |
| 32 | 29 | 26 | 28 | 30 | 32 | 36 | 36 | 34 | 33 | 34 | 34 | 29 | 29 | گیراو | ژنان | |
| | | | | | | | | | | | | | | راگیراو | | |
| 135 | 108 | 116 | 131 | 127 | 136 | 130 | 132 | 146 | 153 | 145 | 145 | 138 | 143 | گیراو کور | منداڵان | |
| 5 | 4 | 4 | 5 | 4 | 7 | 6 | 6 | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | گیراو کچ | | |
| 17 | 18 | 13 | 23 | 20 | 27 | 15 | 13 | 15 | 13 | 14 | 14 | 17 | 13 | راگیراو کور | | |
| 3 | | 1 | | | 5 | | | 1 | 2 | 5 | 5 | 3 | | راگیراو کچ | | |
| **1172** | **1198** | **1197** | **1189** | **1186** | **1204** | **1181** | **1188** | **1183** | **1147** | **1147** | **1147** | **1129** | **1134** | **کۆ** | | |
| 685 | 763 | 758 | 726 | 710 | 695 | 706 | 728 | 694 | 669 | 624 | 624 | 619 | 585 | گیراو | پیاوان (گەوران) | دهۆك |
| 20 | 24 | 24 | 16 | 18 | 19 | 19 | 21 | 22 | 18 | 20 | 20 | 21 | 22 | گیراو | ژنان | |
| 12 | 12 | 17 | 18 | 15 | 16 | 14 | 13 | 14 | 12 | 5 | 5 | 5 | 7 | راگیراو | | |
| 57 | 70 | 74 | 69 | 63 | 65 | 65 | 58 | 51 | 51 | 46 | 46 | 41 | 45 | گیراو کور | منداڵان | |
| 2 | 4 | 4 | 4 | 4 | 3 | 2 | 3 | 2 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | گیراو کچ | | |
| 25 | 22 | 29 | 29 | 31 | 29 | 31 | 29 | 31 | 24 | 20 | 20 | 16 | 13 | راگیراو کور | | |
| 2 | 3 | 2 | 3 | 1 | 2 | 3 | 1 | 1 | 2 | 1 | 1 | 3 | | راگیراو کچ | | |
| **803** | **898** | **908** | **865** | **842** | **829** | **840** | **853** | **815** | **777** | **717** | **717** | **706** | **673** | **کۆ** | | |

## باری ئابووری ودارایی :

گرژی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵی لە بەغداد، سەرباری رەوشی ناوچەکە وجیهان، رەنگدانەوەی نەرێنی هەبوو بە درێژایی ساڵی (٢٠١٤) لەسەر رەوش و بارودۆخی ئابووری و دارایی هەرێم و کاریگەری خراپی هەبووەو دەبێت لەسەر ژیان وگوزەران وخزمەتگوزاریە پێویستەکانی ژیانی ئاسایی خەڵکی هەرێم. یەکێك لە دیارترین ئەم کاریگەرییە نەرێنیانە، دواکەوتنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمە، هەروەها ئەو دەرئەنجامە خراپانەی بە هۆکاری دواکەوتنی مووچە لەناو کۆمەڵگەی کوردستان سەریانهەڵدا، لە دزی وکوشتن وکێشەی کۆمەڵایەتی وتاوانی دیکە، هەروەها لەتواناداا نەبوونی بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان وکێشە وگرفتی یاسایی و لەدەستدانی بەها بەرزەکان ورەوشتی کۆمەڵایەتی تا رادەیەك. لەگەڵ دواکەوتنی هەندێك پرۆژە کە لە قۆناغی بنیاتنانن و لەتوناادا نەبوونی دەستپێکردنی هەندێك پرۆژە کە پێویستیەکی ژیانین بۆ هاولاتیان، وەك پرۆژەکانی نەخۆشخانە وقوتابخانە وشوێنی نیشتەجێبوون ورێگاوبان وپرۆژە پێویستەکانی دیکەی گرنگ بۆ ژیان وئارامی کۆمەڵگا، وەك بەشێك لە چارەسەری پێویست دەکات حکومەتی فیدراڵ لە بەغداد موچەی فەرمانبەرانی هەرێم وبەشە بوودجەی تەرخانکراو بۆ هەرێم رەوانە بکات وەکو ناوچەکانی دیکەی عیراق.

ئەوەی بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە ونیگەرانیەکانی زیاتر کردووە، نەبوونی بەرچاوڕوونیە لەمەڕ دۆخەکە، بەمەبەستی تێگەیشتن وهێوربوونەوەی کۆمەڵگا لەم قەیرانەدا، هەروەها نەبوون ویان نادیاری بوونی پلانی ستراتیجی ورێگە چارەی بەدیل بۆ رێگەگرتن ودەربازبوون وچارەسەرکردنی ئەم دۆخە نەخوازراوە، کە ئەمانەش لە دەرئەنجامی دەرنەخستنی راستییەکان و پێنەدانی زانیاری پێویستە لەلایەن حکومەتەوە

بە زیاتر لە پێنج ملیۆن هاولاَتی هەرێم، لە کاتێکدا سەدان پاڵاوگەی نەوتی ئەهلی هەن کە مۆڵەتی یاساییان نییەو و مەرجە یاسایی و تەندروستی وژینگەییەکان جێبەجێ ناکەن، بە شێوەیەك کاریگەری زۆر نەرێنییان لەسەر تەندروستی و ژینگەی هەرێم هەیە و داهاتەکانیان لە لای هاوڵاتیان روون نییە بۆ کوێ دەڕوات.

بوونی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەری (بن دیوار) کە مووچە وەردەگرن وکار ناکەن، بوونی ناعەدالەتی لە مووچەی فەرمانبەران بە هۆی پێدانی پلە وبەرز کردنەوەی پلە بە بێ بنەما بەدەر لە بنەماکانی یاسا کارگێریەکان، وهەروەها جیاوازی لە بەخشینی دەرماڵە ورێژەکانیان بە شێوەیەك کە لە وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێك یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك دەگورێت، ئەم نادادپەروەریە وا لە زۆرێك لە فەرمانبەران دەکات داوای گواستنەوەی راژەکانیان بکەن وداخوازی لەسەر ئەو فەرمانگانە زیاد بکات کە دەرماڵەی بەرز بە فەرمانبەرانیان دەبەخشن لەبەرامبەر ئەمەش ادا لە هەندێك فەرمانگە ژمارەی فەرمانبەر بە تایبەتی لە هەندێك پسپۆری کەم بکات لە دەرئەنجامی ئەم هۆکارە.

لە کاتێکدا حکومەت بەبەهانەی نەبوونی بوودجە وخراپی بارودۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرێك لە قوتابی دەرچووی کۆلێژ وپەیمانگاکان دانامەزرێنێت وزۆرێك لە کارە خزمەتگوزاریەکان هەر بەم بەهانەیەوە راوەستاون وئەنجام نادرێن وئەو کزیە بەرچاوەی دیارە لە کەرتی گشتی، بەلاَم لە لایەکی دیکە پۆستی بالاَ دەبەخشێت ودەرماڵەی زۆری بۆ تەرخان دەکات، ئەمەش سەرف کردن وبە فیڕۆدانی بەشێك لە توانا داراییەکانی هەرێمە کە لەسەر حیسابی مافی هاولاَتیانی هەرێم دەبەخشرێت بە هەندێك کەس کە پێویست نییە.

## بازرگانی کردن بە مرۆڤ:

رەگ وریشەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ بۆ سەردەمانی زۆر کۆن دەگەرێتەوە، وشێوازەکانی بە پێی سەردەمەکان گۆراوە. بەلاّم لەم سالاّنەی دواییدا بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و زەرەرمەندی سەرەکی لە دەرئەنجامی تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژنان ومندالاّن وخاوەن پێداویستیە تایبەتەکانن لەگەلّ هەر کەسانیکی دیکە کە بە هۆکاری جیاجیا دەبن بە قوربانی ئەم دیاردەیە.

بوونی توندوتیژی وباروودۆخی کۆمەلاّیەتی ناتەندروست و نالەباری بارودۆخی دارایی وئابووری وقیرانی سیاسی وسەربازی و تیرۆر ودەرئەنجامەکانیان و نەبوونی سەروەری وهەژمووونی دەولّەت لەسەر هەرێم وجوگرافیای دەولّەت، هەموو ئەمانە لەسەردەمی تەکنەلۆجیای نوێ و جیهانگیریدا رێخۆشکەرن بۆ سازدانی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئەنجام دانی ئەم تاوانە.

لەگەلّ ئەوەی عیراق پەسەندی (اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الجريمة المنظمة عبر الوطنية) لەگەلّ ئەو پرۆتۆکۆل وئەو پابەندبوونە نێودەولّەتیەکانی تری پەیوەست بە حالّەتی بازرگانی کردن بە مرۆڤ، سەرەرِای بوونی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە **(٢٨ ی سالّی ٢٠١٢)** ویاسا سزایەکانی دیکەی عیراق، بەلاّم دیاردەکە لە بارودۆخی ئێستای عیراق بوونی هەیە و لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی کار بە تایبەتی کارپێکردنی بیانی وژن ومندالّ وبەکارهێنانیان لە سوالّ پێکردن، وهەروەها لە کەمپ و شوێنی کۆبونەوە ونیشتەجێ بوونی ئاوارەکان (پەنابەر وراگوێزراو) هەروەها کەرتی گەشت وگوزار وکەرتی تەندروستی (فرۆشتنی ئەندامی جەستە) وبواری دیکە بوونی هەیە.

نەهێشتن وبنبڕكردنی ئەم تاوانە پێویستی بە پلانێكی تۆكمەی گشتگیر وهەمەلایەنە هەیە لە ڕێگەی چارەسەری یاسایی بە دەرچواندن وهەمواركردنی یاسایی. وكاراكردنی چاودێری كردن لە لایەن هێزەكانی ناوخۆ وئاسایش وپتەوكردنی خاڵە سنووریەكانی هەرێم، وچاكسازی كردن بە ئاراستەی نەهێشتنی هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ئەم تاوانە لە ڕێگەی چاكسازی ئابووری وكۆمەڵایەتی و نەهێشتنی توندوتیژی وچاكسازی دیموكراسیانە لە بواری حوكمرانی وبەرپا كردنی هەڵمەتی هۆشیاركردنەوە وئاگادار كردنی خەڵك وناساندن وناسینەوەی تاوانەكە لە قۆناغە جیاجیاكانیدا، لە ڕێگەی دەزگا حكومیەكان ورێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی ودامەزراوە ئاینییەكان.

## جێبەجێكردنی یاسای ماف بەدەستهێنانی زانیاری:

بەپێی مادده (٣) لە یاسای (ماف دەستكەوتنی زانیاری لە هەرێمی كوردستان – عیراق) ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣، ئەركی جێبەجێكردنی یاساكە بە دەستەكەمان (دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ) سپێردراوە. بۆ كاراكردن و جێبەجیٚ كردنی یاساكە، دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دەستپاكی لە هەرێم وٚركشۆپێكی ئەنجامداوە لە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١٠/٢٢)، بەبەشداری نوێنەری (١٧) لایەن وراسپاردەكانش بۆ پەرلەمان بەرز كرایەوە. لەگەڵ ئەنجامدانی كۆبونەوەیەك لەگەڵ نوێنەرانی دامەزراوە حكومییەكان لە ڕێكەوتی (٢٠١٤/١٢/٣) بە بەشداری نوێنەری (١٤) لایەن بۆ ڕێككەوتن لەسەر پلانێك بۆ جێبەجیٚ كردنی یاساكە.

لە مادده (٢١) ی یاساكەدا هاتووە، كە ئەنجوومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكردنی جێبەجێكردنی دەردەكات، بەلاٚم لە ساڵی (٢٠١٤) نەتوانراوە ئەم ڕێنمایانە دەربچوێندرێت، هەرچەندە

دەستە (٤) نوسراوی بۆ ئەم مەبەستە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران كردووە بە ژمارە (٢١ و ٣٦ و ٥٠ و... لە رێكەوتی ٣/٢٧ و٥/٢٦ و ٨/٤ و١٢/٢٨ /٢٠١٤)

پاش بەسەرچوونی زیاتر لە ساڵێك لە هاتنەواری جێبەجێكردنی بەڵام نەتوانراوە یاسای بەدەستهێنانی زانیاری وەك ئەوەی لە ناوەرۆكەكەیدا مەبەستە جێبەجێ بكرێت، لەبەر كۆمەڵێك هۆكار، وەك هۆكاری یاسایی وهاوكاری نەكردنی لایەنە پەیوەندیدارەكان وكەمی توانا مرۆیی وداراییەكان.

كاراكردن وجێبەجێ كردنی یاساكە پێویستی بە هاوكاری وهەماهەنگی تۆكمە هەیە لە نێوان دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ وپەرلەمان وحكومەتی هەرێم و كۆمەڵی مەدەنی و هەموو ئەو لایەنانەی دیكە كە پەیوەندیدارن بە یاساكە، لە رێگەی توێژینەوە وهۆشیاركردنەوە و هاوكاریكردن وبەدواداچون وهەر چالاكیەكی دیكە كە یاساكە وجێ بەجێ كردنی ومەبەست لە یاساكە بەرجەستە دەكات. هەماهەنگی وداواكاری هاوڵاتیان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بەپێی ئەم یاسایە لە رێگەی دیوان ونوسینگەكانی دەستە هۆكارێكی گرنگە بۆ پراكتیزە كردنی یاساكە وجێبەجێ كردنی ناوەرۆكەكەی ومەبەست لە یاساكە.

## رەوشی كرێكاران:

رەوشی كرێكاران لە ماوەی ساڵی (٢٠١٤) بەگشتی هیچ جیاوازیەكی نەبووە لەگەڵ ساڵانی پێشوو، لە لایەنی كات وشوێن ومەرجەكان وكرێ وبیمە وئەرك ومافەكانی دیكەی كرێكار، هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ جێ بەجێ نەكردنی یاسای كاری ژمارە (٧١ ی ساڵی ١٩٧٨)،وەك پێویست وهەروەها پابەند نەبوون بە رێنماییە یاساییەكان وسستی ولاوازی دەستەكانی چاودێریكردن ولایەنەكانی دیكەی پەیوەندیدار وەك سەندیكاكانی كرێكاران بە بارودۆخی كاركردن وتەندروستی و سەلامەتی كاركردن.

لە دەرئەنجامی کاریگەری ئەم هۆکارانە بە گشتی، کرێکار لە ڕەوشێکی ناهەموار ونادادپەروەرانە ژیان بەسەر دەبات ودووچاری حاڵەتی مردن ونەخۆشی وپەککەوتن وبێ کاری ونەبوونی بیمەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.

لەکەرتی کارکردن، ڕەوشی کرێکاری نەوجەوان وکرێکاری ژن زۆر خراپترە لە ڕەوشی کرێکاری پیاو. ڕەوشی خراپی کارکردنی ژنان ونەوجەوانان ڕەنگیداوەتەوە لە زۆری کاتژمێری ئیشکردنیان وکاتەکانی ئیشکردن وهەروەها لە جۆری ئەو ئیشانەی ئەنجامی دەدەن وکرێی ئیشکردن و ژینگە وپێویستیەکانی شوێنی ئیشکردن وژیانیان. لەگەڵ بوونی کارکردن بە منداڵان لەکاتێکدا بەپێی یاسا ناوخۆییەکان ورێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکان کارکردن بە منداڵ قەدەغە کراوە.

تێبینی زیادبوونی ژمارەی کرێکاری بیانی بەهەردوو ڕەگەزی نێر ومێ دەکرێت لە ماوەی ساڵی (٢٠١٤)، لەکاتێکدا هێنانی کرێکاری بیانی بەپێی یاسا کۆت وڕێوشوێنی تایبەتی بۆ دانراوە لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری وئاسایش وتەندروستی، کە هەموو ئەم ڕێوشوێن ومەرج وکۆتانە مەبەست لێیان پاراستنی کۆمەڵگە وپێدانی هەڵی کارکردنی زیاترە بە هاوڵاتیان، وە لەهەندێك حاڵەتی دیاریکراو  وپێویست وبەپێی پسپۆری پێویست ڕێگە بە هێنانی کرێکاری بیانی دەدرێت.

کرێکارە بیانییە ژن وپیاوەکان، زۆریان هەلومەرج و شوێنی کارکردنیان گونجاو نیە، لەلایەنی کاتژمێرەکانی کارکردن وکات وشوێن وکرێی ئیشکردن وهەروەها گوزەران وشوێنی حەوانەوەیان وهەروەها بازرگانی پێکردنیان وبازرگانیکردن بە جەستەیان، لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی نارێك ونامرۆڤانە لەگەڵ ئەم کرێکارە بیانیانە لە زۆر حاڵەتدا.

له هەرێمی كوردستان (١٢٠) كۆمپانیای مۆڵەت پێدراو له بواری هێنانی كرێكاری بیانی كار دەكەن وژمارەی كرێكارانی بیانی له هەرێمی كوردستان دەگاتە (٢٥٠٠٠) بیست وپێنج هەزار كرێكار.

ژمارەی ئەو كرێكارانەی كه لەكاتی كاركردن گیانیان له دەست داوە بەم شێوەیە:

هەولێر : ١٥ كریچكار

سلێمانی : ٢٨ كرێكار

دهۆك : ٢ كرێكار

## هاتووچۆ ورێگەوبان:

هەرچەندە بە پێی ئامارەكان لە ماوەی ساڵی (٢٠١٤)دا ژمارەی رووداوەكانی هاتووچۆ لە هەرێم لە ژمارەی رووداوەكانی ساڵی (٢٠١٣) كەمترە، بەلأم ژمارەكە هێشتا زۆرە و لە ئەنجامدا ژمارەیەكی زۆر لە هاولأتیان بوونەتە قوربانی. بەپێی ئاماری بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم كۆی رووداوەكان (٤٦٧٠)رووداوە، ژمارەی ئەو كەسانەی كە بە رووداوی هاتوچۆ مردوون (٧٦٧) كەسە وژمارەی بریندداربوان (١١٦٠٥) كەسە. هۆكارەكانی ئەم رووداوانەش زۆرن كە خۆی دەبینێتەوە لە زۆری ژمارەی ئۆتۆمۆبیل وخراپی كوالیتیان ونەبوونی هۆشیاری هاتوچۆكردن لەلای هاولآتی بە شوفێر وپیادەوە وهاوردەكردنی ژمارەیەكی زۆر لە ئۆتۆمۆبیل بێ پلان وبێ ئاگادار بوون ورەچاوكردنی تواناى شەقامەكان ودیزاینی شارەكان.

پێویست دەكات هێنانی ئۆتۆمبێلی تۆكمە و كوالیتی باش بەپێی پێویست وبەگوێرەی توانای شەقامەكان وریگەوبانەكان بێت، هەروەها رێوشوێنی بەخشینی مۆڵەت

وچاودێریەكانی هاتووچۆ چڕتر بكرێتەوە و زیاتر رێكبخرێت. پێویستیشە فەرمانگەكانی هاتووچۆ بە تایبەتی كاروباری ئەندازەیی زیاتر ئاگاداری شەقامەكان بن و تیمی بەردەوامی چاككردنەوەی شەقامەكان و رێوبانەكان كاری چاككردنەوەی (صیانە)ی بەردەوامی و خێرای رێگاكان بكەن و رێگە نەدەن شۆستە و شەقامەكان بۆ مەبەستی تایبەتی بەكار بهێندرێت و پیادە و هاولاتی لێی سوودمەند نەبێت و ژیانی بكەوێتە مەترسییەوە. لەگەڵ نیشانكردنی شوێنی پەرینەوە لە شەقامەكان ودانانی هێمای هاتووچۆ وسوود وەرگرتن لە راگەیاندن بە مەبەستی بلاوكردنەوەی رۆشەنبیری وزانیاری دەربارەی یاسای هاتووچۆ ورێنمایەكانی هاتووچۆ كردن بۆ شوفێر وهاولاتی وهەروەها جەخت كردنەوە لەسەر دابینكردنی شوێنی وەستاندنی ئۆتۆمۆبیل (كراج) بەتایبەتی لەو شوێنانەی كە باڵە خانەی نوێیان تیادا بونیاد دەنرێت پێویستە شوێنی وەستاندنی تۆتۆموبێل حسابی بۆ بكرێت ولە دیزاینی بیناكان شوێنی بۆ بكرێتەوە. هەروەها پێویست دەكات حكومەتی هەرێم لە رێگەی وەزارەتە تایبەتمەندەكانەوە هەوڵی چارەسەركردنی قەیرانی هاتووچۆ بدەن لە رێگەی دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی گونجاو لە تواناندا بوو وەك، بەكارهێنانی (باص)ی گشتی وەیان (ترام). پێویست دەكات وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن بۆ چارەسەركردنی قەیرانی هاتووچۆ وریگاوبان چارەسەری شیاو بدۆزێتەوە لە رێگەی چەند پرۆژەیەك ودۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی گونجاو بۆ سانا كردنی جولەی هاتووچۆ وكەم كردنەوەی رووداوی هاتووچۆ.

## راگەیاندن و رادەربڕین:

لەگەڵ بوونی یاسای تایبەتبە رێكخستنی كاری رۆژنامەگەری ( ژمارە ٣٥ سالی ٢٠٠٧ ) ویاسای خۆپێشاندان ورێكخستنی پارتە سیاسیەكان، بەلام هەندێك پێشێلكاری لە بواری راگەیاندن وئازادی كاری راگەیاندن وخۆپێشاندانی ئاشتیانە لە ماوەی ساڵی (٢٠١٤)

تۆمارکراوە. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناتۆکمەیی یاسا ورێنمایەکان ونەبوونی پیشەییبون وئاکاری پیشەیی لە کارکردندا، لەگەڵ باش ئامادە نەکردن وپێنەگەیاندنی ئەو هێزانەی کە ئەرکی پاراستن وپاسەوانیکردنی چالاکیەکانیان پێسپێردراوە. لەدەرئەنجامی ئەم کەموکوڕیانە زۆر جار حاڵەتی نەخوازراو ڕوودەدات کە کاروانی دیموکراسی وئازادی رادەربڕین ومافەکانی مرۆڤ لەکەدار دەکات.

کارنەکردن بەیاسای ژمارە (٣٥) سالی (٢٠٠٧) رۆژنامەنوسانلە زۆربەی کاتەکان لە کاتی دەستگیر کردن و ڕووبەڕوو بونەوەیان لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان کار بەو یاسایە ناکرێت و تا ئێستا کاربە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ سالی ١٩٦٩ دەکرێت.و لە ئێستاشدا چەند رۆژنامەنوسێك لە بەندیخانەکان و کەیسەکانیان یەکلا نەبۆتەوە.

پێدانی مۆڵەتی کارکردن بە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامە وگۆڤار وتەلەفزیۆن ورادیۆ لە هەرێم ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ بوونی ئازادی رادەربڕین وبوونی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ، ژمارەی گۆڤار ورۆژنامە تۆمارکراوەکان زیاترە لە **(٧٥٠)** رۆژنامە وگۆڤار، لەگەڵ بوونی دەیان تەلەفزیۆن ورادیۆی سەتەلایت ولۆکاڵی. بەڵام مایەی نیگەرانیە کە هەندێك کات ولە هەندێك کەناڵەکانی راگەیاندن وبەتایبەتی لە تەلەفزیۆنە لۆکاڵیەکان، بەرهەمەکانیان وپەخشەکانیان پابەندی یاساو رێنمایەکان وهەروەها سروشت وداب ونەریت وکەلتور وزمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگەی کوردستانی نابن، ئەمەش دەرهاوێشتەی خراپی لەسەر ئارامی وخووڕەوشت وزمان وکەلتوری کۆمەڵگە دەبێت لە ئێستا ولە ئایندەدا.

لەماوەی ساڵی (٢٠١٤) بەپێی هەندێك ئامار سەرجەمی پێشێلکاریەکان بەرامبەر بە رۆژنامەنووس **(٢١٠)** پێشێلکارییە، **(١٠٧)** رۆژنامەنووس پێشێلکاریان بەرامبەر کراوە وپێشێلکاریەکان بەم شێوەیەن: لێدان **(٤٦)**، تەقە کردن **(٢)**، بریندارکردن **(١)**، رفاندن **(١)**، دەستگیرکردن **(١٢)**، هەرەشە **(٩)**، رێگری لە کاری رۆژنامەنووسی **(٨٠)**، زەوتکردنی

کەلوپەلی کاری ڕۆژنامەنووسی **(٢٩)**، شکاندنی کەلوپەلی کاری ڕۆژنامەنووسی **(١٦)**، سوکایەتی پێکردن **(٦)**، چوونە سەرماڵی ڕۆژنامەنووس **(١)**، جیاوازیکردن **(٦)**.

یاسای ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان **( ژمارە ٥ لە ساڵی ٢٠١٤ )**تاکو ئێستا کاری پێنەکراوە وبەشێك لە پارتە سیاسیەکان نیگەرانن لە نەبوونی عەدالەت لە تمویل کردنی هەندێك حزب وڕێکخراوی سیاسی ولەبەرامبەر تمویل نەکردنی هەندێکی دیکەیان.

## ڕەوشی پێکهاتە نەتەوەییەکان وئاینییەکان :

هەرێمی کوردستان بەهەموو پێکهاتە نەتەوەیی وئاینی ومەزهەبییەکانەوە، لە دێر زەمانەوە ژیانێکی هاوبەش وئارام بەسەر دەبەن وپەیوەندی نێوان ئەم هەموو پێکهاتانە پەیوەندێکی تەندروستەو ئەم یەکسانی وهاوبەشییە لە یاساکانی هەرێم وهەروەها لە جێبەجێکردنی یاساکان و هەموو بوارەکانی ژیان ڕەنگیداوەتەوە. هەرچەندە چەند گرفت وکێشە وناکۆکی کۆن هەن کەتاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە، بەتایبەتی ئەو کێشانەی پەیوەندی بە زەوت کردنی زەوی وزاری هەندێك خاوەن موڵکی کریستیانەوە هەیە.

بەڵام لە دوای هێرشە تیرۆرستیەکانی ڕێکخراوی (داعش) بۆ سەر ناوچەکانی هاوسنور لەگەڵ هەرێمی کوردستان وهەندێك ناوچەی هەرێم وەك شەنگار ودەوروبەری، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکە ڕوویان لە ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، کە زۆرینەیان کریستیان وئێزیدی وشەبەك و تورکمان وعەرەب وخەڵك وپێکهاتەکانی دیکەی ناوچەکەن. ئەم خەڵکە ڕاگوێزراوە کە لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی وئاینیەکان پێکهاتوون لە ترسی کوشتن و کۆیلایەتی لە ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) هەڵاتون، ئەوانەی لە ناوچەکانیان ماونەتەوە نەیانتوانیوە خۆیان دەربازی هەرێمی کوردستان بکەن وڕووبەڕووی توندترین شێوازی جیاکاری ولەناوبردن

وکۆیلایەتی هاتوون، لە کوشتن و بازرگانی پێکردن وبە کۆیلەکردن. لەبەر ئالۆزی ڕەوشەکە و بەردەوامی چالاکییە سەربازییەکان لە ناوچەکە، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ژمارەیەکی تەواوی سەرجەم قوربانییەکان دیاربکرێت وژمارەکان بەپێی سەرچاوەکان جیاوازن چونکە چەندین لایەنی حکومی وراگەیاندن وڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ وڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئامار وژمارە بلاودەکەنەوە. بەلاّم تا ناوچەکان ئازاد نەکرێن ولێکۆلینەوەکان لەم جۆرە تاوانە تەواو نەبێت ناکرێت ژمارە وئاماری دروست لەبەر دەست بێت. هەرچەندە ئەوەی ئاشکرایە ژمارەی قوربانییەکان چەندین هەزار مرۆڤن وبەشی زۆریان لە پێکهاتەی ئێزیدی وکریستیانن. خەڵکی ئەم ناوچانە لە پێکهاتە نەتەوەیی وئاینی و مەزهەبییەکان کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە ژمارەیان سەدان هەزار کەس دەبێت وئەم ژمارە زۆرەش لەم بارودۆخە ئالۆزە سەربازی ودارایيەی هەرێم ئەرکی هەرێمی قورستر کردووە ووای کردوە ژیان وگوزەرانیان سەخت بێت.

پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (٦ی ساڵی ٢٠١٤) یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانی دەرچواندوە، لە ماددە (٣) ی یاساکەدا هاتووە: " **لە کوردستانی عیراقدا زمانی پێکهاتەکانی تری (تورکمان وسریان وئەرمەن) لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا ولەکاتی پێویستدا، لەپاڵ زمانی کوردیدا فەرمیین**". هەروەها ژمارەیەك پرۆژە یاسا وبڕیار لە پەرلەمانی کوردستانن کە لە بەرژەوەندی سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستانن، وەك: پرۆژە یاسای پاراستنی ماڤ پێکهاتە نەتەوەیی وئاینی ومەزهەبی لە هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسای ڕێکخستنی ماڤ پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، کە دەستە ڕۆڵی دیاری هەبووە هەر لە نوسینی ڕاپۆرت وبەشداری کردن لە کۆڕ و ورك شۆپ لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان وئەنجامدانی سیمینار لە گەڵ نوێنەرانی پێکهاتەکان بە مەبەستی وەرگرتنی پێشنیازەکانیان کە دەرئەنجام پرۆژە یاساکەی دەوڵەمەندتر کرد. لەگەڵ چەند پرۆژە یاسایەکی دیکە وەك: پرۆژە بڕیاری جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری،

پرۆژە بڕیاری دانانی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کورد (کوردانی ئێزیدی) ئەنجامدراون بە تاوانی کۆمەڵ کوژی.

## پێشنیازەکان :

وێرای جەختکردنەوەمان لە سەر پێشنیازەکانی هاتوو لە راپۆرتەکانی پێشوو ئەم پێشنیازانە دەخەینە بەر دەستی لایەنە بەرێزەکان بە مەبەستی باشتر کردن و زیاتر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ .

## راسپاردەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان :

١-پتەوکردن وکاراکردنی پەیوەندی وهەماهەنگی نێوان لێژنەی ماڤ مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی ماڤ مرۆڤ.

٢- دەرکردنی یاسایەك بۆ رێکخستنی نەخۆشخانەکان و کلینیکە تایبەتیەکان .

٣- دەرکردنی یاسایەك بۆ رێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی .

٤- دەرکردنی یاسایەك بۆ رێکخستن و هێنان و مامەڵە کردن بە کەلوپەل وپێداویستی منداڵان بە تایبەتی یارییە مەترسیدارەکان لە سەر سەلامەتی منداڵ .

٥- پەلە کردن لە دەرکردنی یاسای مافی منداڵ و یاسای کار و بیمەی کۆمەڵایەتی وهەموار کردنەوەی یاسای داواکاری گشتی .

٦- پەلەکردن لە پەسەند کردنی یاسای بازرگانی کردن بە مرۆڤ .

٧- سەربەخۆیی دارایی وکارگێری بدرێت بە دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ بە پێی یاساکەی.

٨- پەلە بکرێت لە پەسەند کردنی ئەو پرۆژە یاسا وبڕیارانەی کە ماڤ پێکهاتە نەتەوەیی وئاینی و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان باشتر دەپارێزیت، وهەر رێکخستنێکی یاسایی دیکە کە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگا رێکدەخات.

## راسپاردەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان :

١- پەلەکردن لە دەرچواندنی ڕێنمایی تایبەت بە یاساکان وەك یاسای بە دەست هێنانی زانیاریی بە هەماهەنگی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ.

٢- پەلە کردن لە گواستنەوەی سزادراوانی چاکسازی هەولێر بۆ بینا نوێیەکەیان و دابینکردنی پێداویستیەکانی چاکسازییە نوێیەکە هەروەها گواستنەوەی راگیراوانی هەولێر بۆ بینا نوێیەکەیان .

٣- گرنگیدانی زیاتر و ڕێکخستنە خزمەت گوزاریە تەندروستیە پێشکەشکراوەکان بە قوتابخانەکان و چاکسازییەکان و بەڕێوەبەراییەتەکانی گرتن و گواستنەوە .

٤- چڕ کردنەوەی چاودێری سەرپەرشتی کردن و بە دواداچوونی زیاتر بۆ نەخۆشخانە و کلینیکە ئەهلیەکان لە رووی خزمەتگوزاری تەندروستی و پێشکەشکراو و دەرمان و پشکنین و هەروەها دیاریکردنی نرخێکی گونجاو بۆ پشکنین و چارەسەرییەکان .

٥- زیاتر چاودێری کردنی هێنان و فرۆشتنی داو ودەرمانەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی جۆر و بڕ و نرخەکانیان، لێپرسینەوە وسزادانی ئەو کۆمپانیانەی کە دەرمان هاووردە دەکەن بە شێوەی نایاسایی.

٦- گرنگیدانی زیاتر بە بڵاوکردنەوەی کەلتوری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی پرۆگرامی تۆکمەی خوێندن و هەروەها لە ڕێگەی پەیڕەوکردن و ممارەسەکردنی لەلایەن مامۆستایان و فەرمانبەران و بەڕێوەبرایەتی قوتابخانەکان.

٧- ڕێکخستنەوەو سەقامگیرکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ سیستەمی پەیڕەوکراو لە ئەنجامدانی ئەزموون و دابەشکردنی نمرەکان.

٨- راهێنانی زیاتری هێزەکانی پۆلیس لەسەر باشتر ئەنجامدانی ئەرکەکانیان لە کاتی گرتنی تۆمەتباران و هەروەها ڕێکخستن و پارێزگاریکردن لە خۆپیشاندانەکان بە پێی یاسا و بنەما نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە پاراستن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

٩- چڕکردنەوەی چالاکییەکان و هەوڵەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەسەر کەمپەکانی ئاوارەبووەکان و هەروەها شوێنەکانی دیکەی گردبوونەوەیان بەمەبەستی پاراستنی سەلامەتییان و هەورەها ڕێگرتن لە چەوساندنەوەیان لە ڕێگەی بازرگانییێکردنیان بە

تایبەتی ژنان و منداڵان و رێگرتن لە بڵاوبونەوەی چەك و مادده هۆشبەرەکان لەنێوانیاندا.

١٠- بەخشین ودابینکردنی هەلی کاری زیاتر بۆ هاولاَتیان، و کەمکردنەوەی هێنانی کرێکاری بیانی هاتوو بۆ هەرێم و هەروەها چاودێریکردنیان و پابەندکرنیان بە کارکردن لەو بوار و ئەو کارەی کە لە گرێبەستی کارکردنەکەیدا هاتووە، لەگەڵ زیاتر چاودێری کردن وجێبەجێ کردنی مەرج وپابەندیەکانی سەر ئەو کۆمپانیانەی کرێکاری بیانی بۆ هەرێم دێنن.

١١- زیاتر کاراکردن و جێبەجێکردنە یاسا کارپێکراوەکان بە تایبەتی لە بواری دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و چاودێریکردنی منداڵان و ژنانی دەستگێڕ و سەرشەقام. هەروەها دامەزراندنی یەکەی پۆلیسی کۆمەلأیەتی بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشە کۆمەلأیەتییەکان ودياردەكانی دیکەی وەك سواڵ کردن.

١٢- هەوڵبدرێت لە رێگەی مامۆستاو وتاربێژو زانایانی ئاینی بنەما پیرۆزەکانی ئاینە ئاسمانییەکان و پێکەوەژیان و کەلتوری لێبوردەیی و مرۆڤدۆستانەی دوور لە توندوتیژی و گوتاری هاوچەرخانە بڵاوبکەنەوە کە تیایدا رێزی مرۆڤ و ئاین و ئاینزاکان بگیردرێت.

١٣- پێداچونەوە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بکرێت بە مەرجەکانی مۆڵەتدان بە کەناڵە تەلەفزیۆنی و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤارەکان و بڵاوکراوەکان، بە مەبەستی رێکخستنەوەیان لەسەر بنەمای زانستیانە و پۆلێنکردنیان تاکو پەیام و ئەرکە پیرۆزەکەی خۆیان بگەیێنن بە رەچاوکردنی دابونەریت و رەوشت و کەلتوری کۆمەڵگا و رێزگرتن لە مێژوو زمان و بەها کۆمەڵایەتییە باڵاکان، دوور لە زمانی زبرو نەشیاوو بابەتی نامۆ بە کەلتورو کۆمەڵگا و واقعی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان.

١٤- گرنگیدانی زیاتر بە ژیان وریکخستنی کاروباری کەم ئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت وشەڵتەرەکانی ژنان وخانەکانی تێبنی تایبەت بە منداڵان.

١٥- جێبەجێ کردنی دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە بڕیاری دەستگیرکردنیان هەیە وتاکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

١٦- کردنەوەی یەکەی پۆلیسی دادوەری وە پۆلیس کۆمەڵایەتی .

١٧- جێبەجێکردنی یاسای بودجەی حزبە کوردستانیەکان ژمارە ٥ سالی ٢٠١٤ .

## راسپاردەکان بۆ ئەنجومەنی دادوەری:

١- هەوڵی پابەندبوون بە ماوە یاساییە دیاریکراوەکان بدرێت لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی لێکۆڵینەوە و دادبینیکردن و پێداچونەوەی بڕیارەکانی دادگاکان.

٢- پێگەیاندنی ژمارەی پێویست و لێهاتوو لە دادوەرو لێکۆلەرانی دادی، لەسەر بنەمای زانستیانەی دادپەروەرانە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو بە پشتبەستن بە پێوەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا.

٣- دامەزراندنی دادگای تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ.

٤- دانانی لیژنەیەکی تایبەت وەبەبەردەوامی بۆ سەردان کردنی چاکسازیەکان وبنکەی گرتن وگواستنەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی یاسایی بەندکراوەکان.

## راسپاردەکان بۆ داواکاری گشتی:

١- زیاتر کاراکردنی دەزگای داواکاری گشتی بەمەبەستی پاراستنی ماف گشتی ودادپەروەری وئارامی وتەنایی کۆمەڵگا.

٢- بەدواداچونەوە بۆ ئەو نووسراوانە کە لەدەستەکەمان ئاراستەتان دەکرێت .

٣- بەهێز کردنی کارەکان لە چاکسازییەکان وبنکەکانی گرتن وگواستنەوە لە کێشەکانی بەندکراوەکان .

دەستەی
سەربەخۆی مافی مرۆڤ
هەرێمی کوردستان- عیراق

ناونیشان:هەولێر- گەڕەکی ئازادی – نزیك یاریگای فرەنسۆ هەریری
ویب سایت: www.ihrckr.com
ئیمیل : ihrc.kurdistan@gmail.com
فیس بوك : www.facebook.com/ihrc.kr?fref=ts
ژمارەی تەلیفۆن: ٠٦٦٢٥٦٤٩٠٨